پەیامی قیبلە

زنجیرەی
٢٠

# غەریبەکان



## پەیامی ئاوارەیی

د.عومەر عەلی

٢٠١٩

زنجیرە (٢٠)

# غەریبەکان

# پەیامی ئاوارەیی

د. عومەر عەلی

٢٠١٩

پەیامی قیبلە
ڕۆشنبیری گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

ناوی کتیب: غەریبەکان-پەیامی ئاوارەیی

نوسەر: عومەر عەلی

دیزاینی ناوەوەو بەرگ: توانا ئەحمەد

چاپخانە:

تیراژ:

نرخ:

ژمارە (      )ی ساڵی (      )ی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێش خوێندنەوە:

غەریب لەوانەیە پێناسەی تایبەتی خۆی هەبێت، وەك لە کتێبە عەرەبیەکاندا بەردەوام لە ڕووی زمانەوانی و لەڕووی ئیسطلاحیەوە پێناسە دەکرێت، ئێمە لێرەدا واز لەو لایەنە زانستیانە دەهێنین و لە ڕووی ئەزموون و کرداری ڕاستەقینەوە شیتەڵی غەریب دەکەین بە زمانێکی سادەو ئاسایی کە هەموو کەس لێی تێبگات.

غەریب جۆری زۆرە لەوانە:-

١-مرۆڤ کاتێك دەکەوێتەوە جێگەیەکی دوور، عادەتەن وڵاتێکی جیاواز لە وڵاتەکەی خۆی پێی دەڵێن غەریب، یان خۆی خۆی بە غەریب دەزانێت و هەست بە تەنهایی دەکات، هەست دەکات خەڵکی ئیندماجی لەگەڵدا ناکەن، گەرچی زمانیش بزانێت و پەیوەندیشی زۆر بێت لەناخی خۆیدا هەستێکی تەنهایی تێدا هەیە، زۆرینەی کات و سات و چالاکیەکانی چێژ بەخش نی یە، زۆرجار ترسێکی تایبەتی قوڵ دەبێتەوە تێیدا بە نووسین ناتوانرێت تەعبیری لێ بکرێت، بەچەندین شێوە شێوەو شێوازو هەڵسوکەوتی ئەم کەسە غەریبە زۆر تایبەت دەبێت.

٢-جۆرێکی تر لە غەریبی ئەوەیە لە وڵاتی خۆتدا بیت و بگرە کەس و کاری زۆریشت هەبێت و هەر هێشتا غەریب بیت!
٣-جۆرێکی تر هەندێك جار ئەم غەریبیە لە ڕووی عەقیدەو فکرەوەیە کە کەسەکان لێت تێناگەن و دژایەتیت دەکەن و تۆ خۆت خۆت بە تەنها دەبینیتەوەو غەریبی دەچێژیت، لە ئیسلامدا مژدە بەم غەریبانە دراوە، کەسەکە ئارام دەگرێت لەسەر ئەم جۆرە غەریبیەو بە تەنهاش بێت دینداری خۆی بەردەوام دەکات و بێتاقەت نابێت لەم تەنهاییەو گوێ بەوەش نادات کە گاڵتەی پێ دەکەن و ناو و ناتۆرەی جۆر بەجۆریشی لێ دەدەن.
٤-جۆرێکی تر کە لە هەمووی کارەساتبارترە جۆرێك لە کەسەکان بەردەوام لەناو کێشەدان و زمان و تێگەشتنی لاوازەو ناتوانێت خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەدا بگونجێنێت، ئەمە دەتوانرێت بە نەخۆشینیش ناوببرێت.
٥-جۆرێکی تر بەهۆی کێشەی زۆرەوە، ژن و پیاو پێکەوە، خود لەگەڵ کۆمەڵگەدا بەهۆی کێشەی دارایی هەندێك جار نا تێگەشتن و ئاڵۆزیەکانی ژیان.
٧-جۆرێکی تر بەهۆی پێداویستی تایبەتەوە کەسەکە خۆی بە تەنها دەبینێت گەرچی زۆرجار مافی تەواویشی پێ بدرێت لەڕووی دارایی و موراعاتیشەوە، هەرچەند ئەم چینە زۆر زەحمەتە گشت مافەکانیان دەستەبەربکرێت.
دەکرێت جۆرو شێوازی تریش هەبێت، وەك وتمان ئەم پەرتوکە بەرهەمی ئەزموونی ژیانەو هەوڵدراوە کۆی غەریبەکان خۆیان لەناو ئەم پەرتوکەدا ببیننەوەو گەر چارەسەریشی تێدا نەبێت بەلانی کەمەوە ڕێگە چارەی تێدا بێت بۆی.

خـوای گـەورە ئێمـەی وەك جێنشـینی خـۆی خسـتە سـەر زەوی بـۆ ئـەوەی ئاوەدانـی بکەینـەوە، بـەڵام ئێمـە کاولمـان کـرد.
تۆبـە خودایـە، نەمانتوانـی جێنشـینێکی راسـتەقینەی ئێـوە بیـن، سـزامان بـدەن تـا ویژدانمـان ئاسـودە بێـت.

===

هەندێـك خەڵـك فکـری وەك دیـن وەرگرتـووە، دوایـش دەیگۆڕێـت! یـان هـەر وازی لـێ دەهێنـێ!! ئـەوە فکـرە بەپێـی رۆژگار دەگۆڕێـت، نـەك دیـن.
ئیسـلام بـۆ هەمـوو سـەردەمەکان دەشـێت، ئـەوە ئێمەیـن نازانیـن لـە چ سـەردەمێکدا دەژیـن.
هەیـە نەخۆشـی بـێ بـاوەڕی گرتـووەو مەناعـەی کـەم بووەتـەوە، دواتـر بەرگـەی هەتـا ئاڵەمەتێکیـش ناگـرێ، ئـەو خێروبێـرەی لـە ئیسـلامدا هەیـە کەسـی ئاقـڵ رەدی ناکاتـەوە، مەگـەر اللهمـە ئێمـە جـوان شـەرحمان نەکردبێـت، تۆبـە خودایـە.

===

کـە منداڵێـك ون دەبێـت ڕێگەکانـی ڕاگەیانـدن و ئەمنـی دەگیرێتـە بـەر بـۆ دۆزینەوەی!
ئـای لـەو کاتـەی کـە گەورەیـەك ون دەبێـت، نـە ڕاگەیانـدن، نـە دەزگای ئەمنـی هیچـی پـێ ناکرێـت بـۆ دۆزینـەوەی...

===

چەنـد خۆشـە مرۆڤـەکان خۆیـان بدۆزنـەوە، هەیـە خـۆی دۆزیوەتـەوەو دەزانێـت لەنـاو زەلکاودایـەو بـۆ خـۆ دەربازکـردن هەنـگاو دەنێـت.
هەیـە لەنـاو زەلکاودایـەو لەدونیـای خەیاڵـدا بـە باخچەیەك لـە باخچەکانی بەهەشـت بـۆ خـۆی وەسـف دەکات.

===

گرنـگ نییـە تـۆ تەنهـا بـۆ خـۆت چ بیـت، گرنـگ ئەوەیـە چ قورسـایەکت لەنـاو کۆمەڵگـەدا یـان دوای خـۆت جێهێشـتووە.

===

لـە دونیـای سـەرمایەداریدا مرۆڤـەکان خاڵـی دەکرێنـەوە لـە گشـت بەهـا بـەرزە ئەخلاقیـەکان و کۆیـی کارەکان لـە بەرژەوەنـدی خـوددا کۆدەکرێتـەوە، هەربۆیـە بـەرەو دونیایەکـی دابـڕان و بۆ خۆ ژیان دروسـت بـووە، نـەك ئـەو بـۆ خـۆ ژیانـەی کـە مانـا پۆسـەتیڤەکان وەرگرێـت، بەڵکـو دونیایەکـی تەنهایـی، لەنـاو جەنجاڵـی و زۆری تەکنەلۆژیـاو زۆرتریـن پەیوەندیشـدا کەسـەکان هـەر تەنهـان و وەك بـە ئینگلیزیەکـەی پێـی دەوترێـت lonely,فلیمێکـی فارسـی بەسـودیش لـەو بـوارەدا هەیـە بەنـاوی غریبهـا، کـە ئێسـتە کـراوە بـە کوردیـش بەنـاوی غەریبـەکان، هەربۆیـە مـرۆڤ دەبێـت پڕبێـت لـە ئیحسـاس و بـەردەوام لـە گـۆڕان و هەسـتکردندا بێـت، کـە گەشـت بـەوەی هیـچ کاریگـەری لەسـەر دروسـت نەکـرد ئـەوە نەخۆشـینە، زۆرکەسـیش دووچـاری ئـەو نەخۆشـینە بـووە بـەڵام هـەم کەسـەکان سـەردانی دکتـۆر ناکـەن و هەمیـش ئـەم بـوارە دکتـۆری یەکجـار کەمـە.

===

قورئـان پڕیەتـی لـە ووشـەی تێڕامـان و قـوڵ بوونـەوە، ئێمـە بـۆ ئـەوەی بڵێیـن خەتمەکەمـان زوو تەواوکـرد بـە خێرایـی بەسـەریدا تێدەپەڕیـن و کاتمـان نـی یـە بـۆ تێڕامـان و قـوڵ بوونـەوە تێیـدا، کاتێـك بـە خۆمـان دەزانیـن ژیانمـان کۆتایـی پـێ هـات، کاتمـان بـەوە نـەدا کـە شـایەنی کات پێـدان بـوو، هەربۆیـە کاتێـك بیردەکەینـەوە تەمەنمـان ڕۆشـتووەو قەرەبـووی خۆمانمـان پـێ ناکرێتـەوە.

لـە کۆنـدا دەوتـرا گـوێ لـە پیـرەکان بگـرن، بـۆ ئـەوەی لـە ئەزموونـی

ئـەوان شـارەزابین و هەڵـەی ئـەوان ببێتـە وانـە بـۆ ئێمـە، کەچـی ئەمـڕۆ کـەس بـاوەڕ بـە کـەس نـاکات، دەبێـت هەمـوو ڕێـگاکان بـۆ خۆمـان پێیـدا تێپەڕیـن لـە کاتێکـدا زۆر ڕێگـە ڕوونـە کـە هەرکـەس پێیـدا تێپەڕیـوە نەگەڕاوەتـەوە.
قورئـان چەنـد نەخشـەیەکی جوانـە، کـە ورد دەبیتـەوە لێـی هەسـت دەکەیـت بـە جۆرێـك ڕێگەکانـی ڕوونکردووەتـەوە پەرۆشـی تێدایـە بـۆ ون نەبوونمـان و لـە خـودی خۆمـان و گرنگیمـان تێبگەیـن.

===

وا کاردەکەیـن بـۆ خـودی خۆمـان دەڵێـی لـە مەرحەلـەی بانگەشـەی هەڵبژاردندایـن!
ئێمە لە مەرحەلەی دونیای کارکردنداین نەك هەڵبژاردن!
ئێمـە هەڵبژێردراویـن و هاتوینەتـە دونیـاوە بـۆ کارکـردن، گـەر لـە دادگایـی دونیـای ڕزگارمـان بێـت دادگایـی قیامـەت و خوایـی چاوەڕوانمانـە...
خۆشـبەحاڵی ئەوەیـی لـە دادگایـی دواڕۆژ سـەرکەوتن بەدەسـت دەهێنێـت.

===

جـاران لـە گوندێکـی چکۆلەشـدا خەڵکەکـە هـاوڕێ و هـاوکاری ڕاسـتی یەکتـری بـوو، ئێسـتە پەیوەندیـەکان فراوانتـرە، بـەڵام هـاوڕێ و هـاوکاری ڕاسـتی کەمتـرە، خەڵکـی ئێسـتە پەیوەنـدی زۆرە، بـەڵام خـۆی بـۆ خـۆی تەنهایـە! جـاران کەسێك تاقانـە بوایـە خەڵکـی بەزەیـی پێـدا دەهاتـەوە! ئێسـتە زۆرینـەی خەڵکـی تاقانەیـە، نـەك بـەو مانـا کەسـی تـری نـی یـە، بەڵکـو دۆخێـك دروسـتبووە، یـان ڕوونتـر بڵێـم دروسـتکراوە، خەڵکـی هەسـت بـە تەنهایـی بـکات، ئـەم دەردە ئەوروپیـەکان لـە کۆنـەوە تێـی کەوتـوون، بۆیـە کۆمەڵگەیـان دابـڕاوە لەیەکتـرو تەنهـا پەیوەندیەکانیـان

لەسـەر بنەمـای یاسـاو زەبـرو زەنـگ و غەرامـە ڕاگیـراوە، لـە بنەڕەتیشـدا پەیوەندیـەکان دەبێـت لەسـەر بنەمـای ڕۆح بوەسـتێت نـەك یاسـا، چـوون یاسـا تەنهـا هەندێـك شـتی سـەرەکی پـێ چارەسـەر دەبێـت، نـەك هەمـوو شـت.

لـە ئیسلامیشـدا عقوبـە بـۆ کۆمەڵێـك تاوانـی ئەخلاقـی دانـراوە، نـەك هەمـوو شـتێك، بـۆ نمونـە دزی عقوبـەی هەیـە، بـەڵام درۆو بـێ بەڵێنـی عقوبـەی دونیایـی نـی یـە، یـان ڕوونتـر بڵێـم سـەختە چەسـپاندنی و عقوبەدانـی، هەربۆیـە لـە دەقـە شـەرعیەکاندا بـە عقوبـەی قیامەتـی خەڵکـی دەترسـێنرێت لەسـەر ئـەو کارە نـا ئەخلاقیانـە.

چارەسـەر ئاوڕدانـەوەی دڵـەکان بـە قورئـان و گەڕانـەوە بـۆی و پەیوەسـت بوون پێـوەی.

===

دونیایـی سیاسـەت و ڕاگەیانـدن زۆرکـەس دەکات بـە پاڵـەوان! لـە کاتێکدا زۆر لـەو کەسانە خۆیـان گیرۆدەی دەسـتی خۆشیانن.

بـۆ نمونـە ڕۆبـن ولیـەم، کەسـایەتیەکی کۆمیـدی و ئەکتەرێکـی ئێجـگار سـەرکەوتووی ئەمەریکـی بـوو، لـە کاتێکـدا دەیـان ملیـۆن کـەس پێـی سەرسـامەو بزەیـان دەچێتـە سـەر لێـو بەهـۆی ئـەوەوە، کەچـی ولیـەم خـۆی لەناخـەوە دەگـری و ناتوانێـت خـۆی دڵخـۆش بـکات!

تـا سـەرەنجام لەماڵەکـەی خۆیـدا ناخـی خـۆی لـە ڕێگـەی پەتی سـێدارەوە کۆتـا نمایشـی بوو.

سیاسـیەکان یەکجـار زۆرن، بەبـڕوای مـن خراپتریـن کارە کـە هەڵیانبـژاردووە، ئەوانـە زۆریـان وەك وەسـیلەی بازرگانـی سیاسـەت دەکـەن، خـۆی دەبـوو زۆرێـك لەوانـە خاکەنازیـان بەدەسـتەوە بوایـە، نابینـی بەبـێ خاکەنازیـش چـۆن سـەری میللـەت پـات دەکەنـەوە، ئـەوە

گەر وەسیلە ڕاستەکەی خۆیان بە دەستەوە بوایە، زەویان وا خۆشە دەکرد باشترین بەرهەمی بەرهەم بهێنایە.
===

هێزە ڕۆحیەکان بنەمای ڕاگرتنی کایەکانی ژیانن، هەرکات لەناوچوو یان لاوازبوو پایە فیزکیە دونیایەکان هەرچەند بەهێزیش بێت بەشێوەیەك بچوك دەبێتەوە لەبەرچاو وەك پوش و پەڵا دەردەکەوێت.
کاتێك هەست دەکەیت هێزێك لە پشتە تەنها خودی هەستەکە هێزیش بەتۆ دەبەخشێت.
کاتێك دەبینی خۆشەویستی ڕاستی لەچواردەوردا تەنیوەو هەریەك بە جۆرێك لێت نزیك دەبێتەوە دونیات دەبێتە دونیایەکی تایبەت و ڕەنگاوڕەنگ، کاتێك کەسێك تەنها شتێکی نەگەتیڤت بە ڕوودا دەدات، ئەو ڕۆژەو بگرە بە شەویشەوە دونیات لا لنگاوقوچ دەبێت.
دونیای ئەمڕۆ زۆری لەبری ئەوەی ببەخشێت هەر داوا دەکات، بۆیە زۆرجار لە خۆشەویست و پایە بەرزە ڕۆحیەکانیش بە گومانین!
کابرا دێت بۆ لات و دەڵێ فڵان کەس زۆر سڵاوی هەبوو بۆت، دوابەدوای سڵاوەکە یەکسەر داواکاریەکی قورس دەکات بە شێوەیەك هێزی سڵاوەکە لەبەین دەبات.
با ئێمە فێربین ببەخشین نەك داوابکەین، بۆ ئەوەی پایە ڕۆحیەکان بە بەهێزی بمێنێتەوە.
بەخشینیش تەنها مادە نی یە، هەتا بزەیەکیش کە بە ڕووی کەسێکدا دەیکەت ئەوەش بەخشینە.
هەربۆیە لە ئیسلامیشدا پاداشت لەسەر خەندەش دانراوە.
===

زۆرینـەی هـەرە زۆری نەخۆشـیەکان ناوەکیـن، وەك لـەوەی دەرەکـی بـن، گـەر مـرۆڤ پـەروەردەی نـاوەوەی بـکات کەسـێکی خۆشـبەخت و سـەرکەوتوو دەبێـت لـە ژیانـدا، هێـزە تـازەو مۆدێرنـەکان فۆکۆسـیان لەسـەر دەرەکیەکانـەو دونیـای مۆدێرنیـش هـەر دەرەوە نیشـان دەدات و هێـزە ناوەکیـەکان وەلا خـراوە، بۆیـە دەبینـی کابـرا هەمـوو شـتەکانی لـە بەرزتریـن پلـەی دونیایدایـە بـەڵام کـە دەیدوێنـی قـوڕ بەسـەرێکە.

کەسێکی تر دەدوێنی کە زۆریش هەژارە پڕە لە ئومێدو خۆشبەختی.

دەکرێـت کەسـێك لـە زیندان و هەتا لەژێر ئەشکەنجەشـدا بێت خۆشـحاڵتر بێـت لە کەسـێك کە لەسـەر تەختی پاشـایەتی و سـەرۆکایەتی بێت.

هەربۆیـە گرنگە بـۆ ئـەوەی بـە تەنها نەبیـت گرنگـی بـە هێـزە ناوەکیـەکان بدەیـت، هیـچ هێزێـك وەك ئیسـلام پارسـەنگی نەپاراسـتووە لـە نێوان:

١-جەستە

٢-ڕۆح

٣-عەقڵ

٤-دڵ

٥-نەفس

هـەر یەکێـك لەوانـە لارە سـەنگ بـوو ئەوەکـەی تـر دەکەوێتـە کێشـەوە، بە تایبـەت دڵ کـە جێگـەی پارسـەنگی بەردەوامـە، لـە ئیسلامیشـدا هاتـووە کـە دڵ سـەلامەت بـوو باقـی جەسـتە سـەلامەت دەبێـت، سـەلامەتی دڵیـش نـەك لـە ڕووە فیزکیەکـەوە بەڵکـو لـە ڕووە مەعنـەوی و هێـزە ناوەکیەکەیـەوە.

===

ژیـان گەشـتێکی ئاسـمانیەو کۆتایـی پێدێـت، هەیـە خـۆی فێـری فڕیـن کـردووەو لەگـەڵ رۆحەکەیـدا بـۆ ئاسـمان بـەرز دەبێتـەوە، هەشـە کـە

کەوتـە خـوارەوە مرۆڤایەتـی گیـر دەخـوات بـەدوای گـەڕان بـۆ سـندوقە ڕەشـەکە.
وەی بە حاڵی کەسێك ئەعمالەکانی لە سندوقی ڕەشدا بێت.
===

زۆرجـار لەوپـەڕی بێهێـزی و ناڕەحەتیـدا حـەز بـە بوونـی خـۆت ناکەیـت و خۆتـت لـێ دەبێتـە زیـادە.
ئـا لەوکاتـەدا دەنگێـك لـە ناختـەوە بـە ئەسـپایی دەچپێنـێ بـە گوێتـاو دەڵـێ تـۆ تەنهـا نیـت!
ئای لەو دەنگە چەند خۆشە.
من ناو دەنێنم لەو دەنگە ئیمان، تۆش ئازادی چ ناوێکی لێ دەنێیت.
===

ناخۆشـترین غەریبـی ئەوەیـە لـە جێگەیەکـدا خـۆت ببینیتـەوە کـە هـی خـۆت نەبێـت، هەرگیـز لەبیـرم ناچێـت قوتابیەکـم ئەندامـی حیزبێـك لـە حیزبەکانـی کوردسـتان بـوو، دوای ماوەیـەك وتـی: مامۆسـتا حـەزم دەکـرد پرسـیارت لـێ بکردایـەم کـە بۆچـی مـن ئەندامـی ئـەو حیزبـەم! خـۆی هەسـتی بـە کەمـی خـۆی دەکـرد! بەهـۆی ئەنـدام بوونیـەوە، بەبێ ئـەوەی پرسیاریشـی لـێ بکەیـت، منیـش وتـم: دەی باشـە هەمـان ئـەو پرسـیارە کـە پێـت خۆشـە وەڵامەکـەی چـی یـە؟ وتـی: مامۆسـتا ئـەم حیزبـە زۆر ستەمکارو خراپـەو گـەر ئەندامـی نەبیـت ستەمێکی زۆرت لـێ دەکات، بە تایبـەت لـە ناوچـەی ئێمـەدا، ئێمـەش عەشـیرەتێکی گەورەیـن و ستەممان پـێ قبـوڵ ناکرێـت، هەربۆیـە ئەنـدام بوونەکەمـان بـە باشـتر زانیـوە.
جۆرێکـی غەریبـی تـر ئەوەیـە ناچـاری بتـکات بـە خاوەنـی ناسـنامەیەکی تـر! ئەوەشـم لەبیـر ناچێـت لـە بەغـداد بـە ناسـنامەی کەسێکی خزممـەوە کارم دەکـرد لـە چێشـتخانەیەك، خـاوەن چێشـتخانەکە دەیـان جـار بانگـی

دەکـردم بـە دەنگـی بـەرز ئەوسـا وەڵامـم دەدایـەوە، ئـەو وای دەزانـی کێشـەم هەیـە یـان بیسـتنم لاوازە، نەیدەزانـی ناچـاری منـی کـردووە بـە کەسـێکی تـرو منیـش لـە ناخـی خۆمـدا هـەر خـۆم بـووم تـا دەکەوتـەوە یـادم کـە مـن کەسـێکی تـرم.
ئێستە زۆرن ئەو کەسانەی کە کەسی ترن بەڵام بە ناوی خۆیانەوە.
هەمـوو ئەمانـە دەکرێـت بەسـەرماندا تێپەڕێـت بـە کاتـی، بـەڵام ژیـان بایـی ئەوەنـدە نـی یـە کـە بـەردەوام تەمسیلی نـا ڕاستی خۆمـان بکەیـن.
ئەگەر خۆمان بین پێوستمان بەوە نی یە کە لە بیرمان بێت.
===

ئومێـدت بـە خـوای گـەورە گـەورەو پتـەو بێـت و پشتیشـت پێـی زۆر قایـم بێـت، ئیبراهیـم سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت لـەو کاتـەدا خـوای گـەورە دەگاتـە فریـای کـە بـە تـەواوی تەسـلمی خـوای گـەورە دەبێـت، گەرچـی بـە خەویـش بـووە، ئالەوێـدا کـە بـە کردەوەکـە هەڵدەسـتێت ئەوسـا خـوای گـەورە دەروی لـێ دەکاتـەوەو بەرانێکـی بـۆ دەنێرێـت و شـیوەنەکەی دەبێـت بـە شـایی.
هـەر ئیبراهـم سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت کـە هەڕەشـەی سـوتانی لـێ دەکـەن و مەنجەنیقێکـی بـۆ تـاودەدەن بـێ ئومێـد نابێـت لـە ڕەحمەتـی خـوای گـەورە، هەرگیـز بـە بیریـدا نەهـات و بڵـێ کـورە خـۆ ئەوەتـا بـە ڕاسـتی داری دونیایـان کۆکـردەوە، کـورە ئەوەتـا ئاگریشـیان تـێ بـەردا، کـورە هـا ئەوەتـە دەمخەنـە ناویـەوە بـا پەشـیمان ببمـەوەو ئیمزایەکیـان بـۆ بکـەم! ئومێـدو ڕەحمەتـی خـوای گـەورە لەوکاتـەدا دێـت کـە تـۆ بـە تـەواوی خـۆت تەسـلیمی خـوای گـەورە دەکەیـت.
مرۆڤـی ئێسـتە هێشـتا تینیشـی بـۆ نەهاتـووە بەدەیـان بیانـوو دەدۆزێتـەوەو لەبـری خـوای گـەورە خـۆی تەسـلیمی دەسـتەڵات، حـەز

و ئـارەزوو، خـەون و خەیاڵـی دونیایـی دەکات، دواتـرش کـە ئەوانـە ئـاوی خواسـتەکانی نـادەن هەسـت بـە تەنهایـی و غەریبـی دەکات و گلەیـی دەباتـەوە لای خـوای گـەورە، پێویسـتە لـە یەکـەم هەنـگاوەوە ڕێگـە ڕاسـتەکە ون نەکەیـت و گومانیـش لـە سەرکەوتنیشـت نەبێـت، گـەر گەڕایتـەوە بـۆ سـەر ڕێگەکـەش بەکاتـی و لەسـەر گومـان نەبێـت، هەمـوو ئەوامیـرە دینیـەکان لەسـەر ئیمـان و بـاوەڕی تـەواو دادەمەزرێـت، هەتـا کـردەوەی چاکیـش گـەر گومـان و دوو دڵـی تێکـەوت لای خـوای گەورە وەرگیـراو نابێـت و ڕەنجەکـە بـە بەلاشـدا دەچێـت، نابینـی ڕۆژوی یەومـول شـك قبـوڵ نـی یـە.

ئیمانـت بـە خـوای گـەورە قایـم بێـت و هـەردەم ڕێگەکەشـی بەرمـەدە، هیـچ وات لـێ نـەکات هەسـت بـە تەنهایـی و بـێ پشـتی بکەیـت، چـون خـوای گـەورە خـۆی فەرموویەتـی لـە قورئانـدا ئـەوەی پشـت بـە مـن ببەسـتێت منـی بەسـەر بـۆ پشـتیوانی.

(وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ) سورەتی الطلاق ئایەتی ٣

===

دونیـا هیـچ نەگـۆڕاوە، ئەوەتـا هەمـوو ڕۆژ ڕۆژ لـە ڕۆژهەڵاتـەوە هەڵدیـت و لـە ڕۆژئـاواوە ئـاوا دەبێـت، زسـتان سـاردەو هاویـن هـەر گەرمـە.

ئـەوە ئێمەیـن گۆڕاویـن، وەك ئـاژەڵ دەخۆیـن تـا زگمـان دەداتـە ئێـش و ئەوسـا دەڵێیـن خواردنـەکان تامـی نەمـاوە، خواردنـەکان تامـی مـاوە ئـەوە ئێمەیـن بـێ تـام بوویـن.

تاقـی بکـەرەوە وەك مـرۆڤ بخـۆ ئەوسـا دەزانیـت خـواردن چ نیعمەتێکـی خـوای گەورەیـەو ئەوسـا دانـە برنجێکیـش بەفیـڕۆ نادەیـت نـەك بـە قـازان بیرژێنیتـە نـاو زبالـە، دەزانـن چەنـد ئەزیـەت بـەو خۆراکـەوە کێشـراوە تـا هاتووەتـە بەرهـەم؟!

ئـەوە ئێمەیـن گۆڕاویـن و دەمانەوێـت ئۆتۆمبێـل تەیـارە بێـت و وەك مـرۆڤ مامەڵـەی لەگـەڵ ناکەیـن، کـە دەکەوینـە شیوێکیشـەوە ئەوسـا دەڵێیـن جـادەکان خراپـن! جـادەکان زمانیـان نـی یـە بڵێـن ئـای ئێـوە چەنـد خراپـن.
ئـەوە ئێمەیـن گۆڕاویـن و هـەر ڕۆژەو بـە جلێـك خۆمـان دەگۆڕیـن و ناخیشـمان تـۆزی لـێ نیشـتووە! جلـەکان بـۆ ئەوەیـە عەیبەکانمـان داپۆشـن، بـەڵام ئێمـە ئێسـتە کارێـك لـە جلەکانیـش دەکەیـن پێش پۆشـین خـودی جلەکـە خـۆی عەیبەیـەو عەیبـدارە!
ئـەوە ئێمەیـن گۆڕاویـن و خـراپ ئامێـرەکان بـەکار دەهێنیـن و دواتـر لێیـان تـوڕە دەبیـن و تاوانـەکان دەخەینـە ئۆباڵـی ئـەوان، ئامێـرەکان ناتوانـن نکۆڵیمـان لـێ بکـەن و کۆنترۆڵەکـەی بەدەسـتی خۆمانـە، خۆمـان دەیخەینـە سـەر خـراپ و دواتـر لـە ئامێرەکـە تـوڕە دەبیـن، خۆمـان پـێ لـە بەنزینەکـە بەتـەواوی تونـد دەکەیـن و دەبیـن بـە وەحـش لـە ئامێرەکـەو دواتـر ئەویـش ڕقـی خـۆی بەسـەرماندا دەڕێژێـت و لـە شیوەکاندا خۆمان دەبینینـەوە.
ئـەوە ئێمەیـن گۆڕاویـن لـە هەسـت و نەسـتەکانی یەکتـر تێناگەیـن و ئـاژەڵ ئاسـا مامەڵـە لەگـەڵ یەکتـردا دەکەیـن.
ئـەوە ئێمەیـن گۆڕاویـن ئەوەنـدە تـاوان دەکەیـن سـەرزەویمان ڕەش کـردووە، ئـەو لافـاو و بومـە لەرزانـەش گۆڕینـی دونیـا نـی یـە، بەڵکـو توڕەییـە لـەو تاوانانـەی ئەنجامـی دەدەیـن و دەیەوێـت بـەو لافـاوە پاکـی بکاتـەوەو بـە بومـە لـەرزەش هەندێکـی ببـات بـە زەویـدا بـۆ پەنـدو ئامـۆژگاری.
دواتـر خۆمـان بـە تەنهایـی و غەریبـی دەبینینـەوەو هێشـتا ناتوانیـن دان بـە هەڵەکانـدا بنێیـن و بەرگـی مرۆڤایەتـی بەجوانـی و وەك خـۆی لەبـەر

بکەینـەوە.

===

ئـەو هەسـتە ناخۆشـانەی کـە لـە تەنهایـدا پێـوەی دەناڵێنـی ئـەوە سـەرەنجامی ئـەو خراپانەیـە کـە لـە تێکەڵیـدا ئەنجامـت داوە، تەنهایـی پێویسـتە بـۆ بەخۆداچوونـەوەو کارکردنـی باشـتر، بیرکردنـەوەش گەورەیـی خـۆی هەیـە، هـەم لـە دیـن و هـەم بـۆ ژینیـش، کـە لـە تەنهایـدا زیاتـر دەرفەتـی بـۆ دەبێـت، بـەڵام گـەر تەنهـای خەمۆکـی تێکەڵـی بـوو! ئەوەیـان نەخۆشـیە، سـود لـە تەنهایـت وەرگـرە بـە بیرکردنـەوەو داهێنـان، نـەك بیکەیـت بـە نەخۆشـی و خۆشـت و خەڵکیشـی پێـوە گیـرۆدە بکەیت.

===

منـداڵ بوویـن کابرایـەك باسـی خـۆی و دەسـتەڵاتی خـۆی دەکـرد بەشـێوەیەك وێنـای کەسـێکی دەسـتەڵاتدارو بـە توانـاو بەهێـزی لـە مێشـکی مرۆڤـدا وێنـا دەکـرد، کەچـی خـۆی بـۆ خۆشـی لەماڵانـدا دەمایـەوە، زۆرن ئەوانـەی وێنـای خۆیـان بەشـێوەیەك دەخەنـە بیـری بەرانبـەرەوە بـە جۆرێـك لـە کەسـێکی ئێجـگار نمونەیـی و بـە توانـاو بەهێـز، کەچـی لـە زەمینـەی کرداریـدا دەبینـی دەستەوسـانترین کەسـەو هیچـی لەبـاردا نـی یـە، نـەك بـۆ بەرانبـەر بەڵکـو بۆ خۆشـی، ئێمە پێویسـتە خۆمـان لەگـەڵ خۆمانـدا ڕێکبکەویـن و هاوڕێیەکـی ڕاسـتی خۆمـان بیـن، گوفتـارو کـردار کـە یەکدەگرنـەوە لەیـەك مرۆڤـدا نمونـەی جوانتریـن بوونـەوەرە، کـە پێچەوانـە بویـەوە ئـەم مرۆڤـە دەبێتـە بوونەوەرێـك هەندێـك جـار ئاسـتی لـە ئـاژەڵ زیاتـر دادەبەزێـت و هەندێـك جاریـش دەبێتـە بوونەوەرێـك تەنهـا لـە خـۆی دەچێـت.

===

ئیمانـی ڕاسـتەقینە ئەوەیـە کـە هەمیشـە هەسـت بکەیـت کەسـێکت

لەگەڵدایـە، هـەرکات هەسـتت بـە تەنهـای کـرد ئـەوە بزانـە لـە گوناهکردندایـت.

===

کاتێـك منـداڵ دەگاتـە قۆناغـی هـەرزەکاری و بەهـۆی بـێ ئەزموونیـەوە وا دەزانێـت زۆر شـت هەیـە دەتوانێـت بیانـکات، زۆرجـار دایـك و بـاوك و کەسـوکاری بـە ڕێگـر دەبینـێ لەبـەردەم توانـاو حەزەکانیـدا، کـە لێیـان دوور دەکەوێتـەوەو دەکەوێتـە غەریبـی سـەیر دەکات ئـەو ناتوانێـت بەرگـەی عاتیفـەو دڵـی خۆشـی بگرێـت.

هەرگیـز لەبیـرم ناچێـت بەهەرشـێوەیەك بـوو سـەفەری بەغـدادم ڕێکخسـت و هاوسەفەریشـم بۆخـۆم پەیداکـرد کـە شـارەزاو زمـان زان بـوو، هـەر ئەوەنـدە پێمـان گەشـتە جنـوب وەك چـۆن پێشـتر دڵـم هـەڵ دەقـوڵا بـۆ گەشـتن بـە خەونـەکان و چۆنیەتـی دەربازبـوون لـە ڕێگـرەکان، ئێسـتە هەمـووی پێچەوانـە بوویـەوە، گشـت خـەون و ئارەزووەکانـم بـوو بـە دیتنـەوەی دایـك و باوکـم و کەسـوکارم، پێشـتر چـۆن بیـرم لـە دەربازبـوون دەکـردەوە کەوتمـە بیرکردنـەوەی گەڕانـەوە جارێکـی تـر، ئـای چەنـد ناخۆشـە غەریبـی، هیـچ شـتێك تامـی ڕاستەقینەی خـۆی نـەدەدا، دونیـای دڵ و ئـاوەدان کردنـەوەی زۆر لـە دونیـا فیزیکیەکـە گەورەتـرە، دڵ پارچـە گۆشـتێکی چکۆلەیـە، بـەڵام دەتوانرێـت بەشـێوەیەك ڕابخرێـت تـەواوی مرۆڤایەتـی نوێـژی لەسـەر بـکات، هـەروەك چـۆن دەشـتوانرێت وای لـێ بێـت بەشـی ژەمـی چۆلەکەیەکیـش نـەکات، بیـرم دەکـردەوە ئـەم ئیسـلامە چەنـد گـەورەو بەهێزەو بـە لۆجیك لەگـەڵ مرۆڤەکانـدا دەدوێت، دەڵـێ لـە جەسـتەی کەسـێکدا پارچـە گۆشـتێك هەیـە، گـەر ئـەو پارچـە گۆشـتە تەبـا بـوو باقـی جەسـتە تەبـا دەبێـت، گـەر بـە پێچەوانەشـەوە بـوو، ئـەوا جەسـتەش پێچەوانـە دەبێـت، نـەك هەرئـەوەش خەڵکـی تریش

بەدەستیەوە گیـر دەخـۆن، چەنـد بەلامـەوە سـەخت بـوو لـە هوتێـك كـە دەڕۆشـتم بـۆ سـەرئاو و دەسـتنوێژ شـتن بـە هۆڵەكـەدا تێدەپەڕیـم و كۆمەڵێـك كەسـی بـە تەمـەن سـەیری تەلەفزیۆنیـان دەكـرد كـە لەسـەر كەناڵانێـك بـوو ئافـرەت رەقسـی دەكـردا ئێجـگار بێـزم لـە خـۆم دەكـرد كە كەسانی لـەم شێوە بوونـی هەیـەو منیـش بـا لـە ژووری خۆشـمدا بـم بـەڵام لـە تەنیشـت ئەمانـەوەم.

هەرچەنـد سـەفەرەكەش بـە دڵـی خۆمـان بۆمـان هاتـە پێشـەوەو كەوتینـە سـەركار لـە فەلوجـە، بـەڵام دڵـم ئەوەنـدە تونـد بـوو، چێـژی لـە هیـچ نەدەكـرد لـە دیتنـەوەی ئەوانـە نەبێـت كـە لـە دەسـتیان هەڵهاتبـووم، ئـای چەنـد تامێكـی تایبەتـی هەبـوو ئـەو دەستماچێنەی لەگـەڵ باوكمـدا كردم، چـاوەڕێ بـووم لێـم نیگـەران بێـت، ئـەو هیچـی نـەوت و بـە میهرەبانـی خـۆی بەخشـیمی، چ سـەركەوتنێكە بتوانیـت تـا مـردن لـە پەنـای دایـك و باوكـدا بیـت، خـۆ گـەر هـەر نەكـرا هەرگیـز ڕۆحـت لێیـان جیـا نەبێتـەوە. مـرۆڤ كـە بـەم ئەزموونانـەدا تێدەپڕێـت دەگات بـەو خاڵـەی كـە دڵ چەنـد پێویستـی بـە پـەروەردە هەیە.

===

غەریبـی وانـەی زۆر فێـری مـرۆڤ دەكات، كەسـی چـاك و خراپـی زۆر تێـدا دەناسـیت، ئـەوەی بەرانبـەرت خـراپ بێـت زەحمـەت لەبیـر دەچێتـەوە، هـەروەك ئەوەشـی چـاك بێـت هەرگیـز لەبیـر ناچێتـەوە، چـوون كاتەكـە كاتـی تەنگانەیـە، زۆرینـەی جـار تەنگانەكانیـش هـەم جەسـتەیی و هەمیـش ڕۆحیـە، كەسێك لـە غەریبیـدا گـەر پـارەی لـێ ببڕێـت زەكاتـی پـێ دەشێت لـە ئیسـلامدا، هەتـا گـەر كەسـەكە بـۆ خۆشـی دەوڵەمەندیش بێـت، جـا بزانـە ئیسـلام چـۆن تەعامـول لەگـەڵ غەریبـدا دەكات و لـە ئەهمیەتـی ئـەم غوربەتـە تێـدەگات، مـرۆڤ لـە جێگـەی خۆیـدا زۆرجـار

کە پارەشی نەبێت هێزی مەعنەوی هەیەو بۆی دەبێتە جێگرەوەی پارە، نابینی دراواسێکان قەرز لە دوکاندارەکان دەکەن و دەفتەری تایبەتیان بۆی هەیە، بەڵام غەریبی پێوەرەکان پێچەوانەیەو هەردەم ئەو نانە نانە ئەمڕۆ لە خوانەیە، دەبێت هەردەم بە دەستەوەبێت! زۆری پێ دەچێت تا ببیتە جێگەی متمانەی کەسێك یان دەوربەر، مرۆڤ لە جێگەی خۆیدا گەر خۆشی کەموکوڕی هەبێت دەڵێن کوڕی فڵانە، زۆرجار ئەو فڵانەش هەر لە ژیانیشدا نەماوەو ئەوەش دەڵێ کوڕی فڵانە ئەویش کەسێکی بۆی باسکردووە، بەڵام لە غوربەتدا بیناکردنی کەسایەتی یەکجار سەختە، دەبێت لە سفرەوە دەستپێ بکەیت، هەموو بلۆکەکان بۆخۆت وەستای بیت و بە دەستی خۆت هەڵیانچنیت.

===

زۆرجار لە دونیای غەریبیدا مرۆڤەکان لایەنە مادیەکەیان دەتوانن تێربکەن، بەڵام رۆحیەکە هەرگیز تێرناخوات، نابینی لە غوربەتدا کەسێك هەستی سۆزو خۆشەویستیت بۆ دەردەبڕێت بەشێوەیەك جێگە لە دڵدا دەکاتەوە کە هەرگیز لەبیرناکرێت، خۆگەر ئەو هەستە بەبێ کەمکردنەوەی بەهاکەی خۆی و یارمەتیشی لەگەڵدا بێت ئەوە گرنگیەکی یەکجاری خۆی هەیە، نابینی لە ئیسلامیشدا حەج چەند گرنگە، چوون مرۆڤ بە گشت هەست و سۆزێکیەوە بەڕووی ئەو ماڵە پیرۆزەدا هەنگاو دەنێت و مادەشی لە پێناودا سەرف دەکات، لە کاتێکدا عیبادەتەکانی تر یان هەر رۆحیە یان هەر مادیە، بەڵام حەج هەردووکی پێکەوە گرێدراوە، وە جۆرێکە لە غەریبیش.

===

دوای ئیشکردنێکی ئێجگار زۆر لە ئەستەنبوڵدا بە دوای پاروە نانێکی

سادەو جێگەیەکی خەودا ڕێمکەوت لە پیاوێك بەناوی حەنەفی ئابی، کورد بوو، خەڵکی ماڵاتیا بوو، هاتبووە ئەستەنبوڵ و کارگەیەکی پێڵاوی دامەزراندبوو، منیش بووم بە یەکێك لە کرێکارەکانی.

کرداری چاکە هەرچەند بچوکیش بێت جێگەی قەدرە، هەرگیز مرۆڤ خۆی لێ نەبورێنێت باشە، هەم لای خوای گەورەو هەمیش لای کەسە ژێرمەندەکان، نابینی لە فەرمودەدا هاتووە کە لەتە خورمایەکیش دەبێتە مایەی دوورکەوتنەوە لە ئاگری پڕ بڵێسەی قیامەت.

لە کارگەکەدا چەند کەسێکی تێدابوو هەرکە شەو دادەهات و تاریکی دەکرد بەدەم کارکردنەوەی چەند کەسێك مەشروبیان دەخواردەوە! هەروەك چۆن هەر مەشروبێکی تری ئاسایی بخۆنەوە! منیش هەم لام زۆر ناڕەحەت بوو، هەمیش چارم نەبوو، چوون جێگەیەکی تر نەبوو بۆی بڕۆم و لەناو کارگەکەدا دەخەوتم، بەوەشەوە رازی نەدەبوون، چوون منداڵ بووم ئیشیان پێدا دەدام بۆ دوکانەکانی دەرەوە، منیش وەك ڕێزی گەورەیی بۆم دەکردن، رۆژێك پیاوێك دیتم بتڵێکی مەشروبی هەڵچڕی و پارەی پێدام کە بچم لە دوکان هەندێك فستقی بۆ بکڕم، منیش وتم بەسەرچاو، پارەم لێ وەرگرت و بەڕێکەوتم، لە ڕێگە بیرم لێکردەوە ئەو فستقە بۆ مەزەیەتی! پەشیمان بوومەوەو گەڕامەوە بە دەستی خاڵی و پارەکەم پێدایەوە، لەبەر شەرم کردنم وتم نەبوو! ئەویش سور دەیزانی کە هەیە، وتی حەتمەن تۆ نەتتوانیوە تێیان بگەیەنیت و لەسەر پارچە کاغەزێك بۆی نوسیم بە نووسین کە بیدەم بە دوکاندارەکە، منیش کە زانیم وازناهێنێت و فائیدەی نی یە، ئەسڵی مەوزوعەکەم پێ وت کە حەرامە، ئەویش لە لایەکەوە پەلەی فستقەکەی بوو دەستی کردبووە خواردنەوەو لە لایەکەوە تورەبوو من چ جۆرە کەسێکم توشی بووم

و لە لایەکیشەوە هەڵوێستەکەی زۆربەلاوە سەیر بوو، چوون جۆرێك لە موناقەشە دروست بوو کە ئەوە حەرام نی یە، فستق هەتا بۆ خۆشت دەتوانیت بیخۆیت، بۆم شیکردەوە کە دەزانم فستق حەڵاڵە، بەڵام تۆ بۆ حەرام بەکاری دێنیت، ئەوەی لە کارگەکەدا بوو هەمووی پێکەوە کۆبوونەوەو قسەکردن لەسەری، هەمووی رەئی لەسەر ئەوە بوو کە شتێکی زۆر ئاساییەو هیچ ئەشکالی تێدا نی یە، بەڵام بە هەموویانەوە نەیانتوانی قەناعەتم پێ بکەن، بە کورتی ئیتر ناچار وازیان هێنا، یەکێك لە کرێکارەکان زاوای حەنەفی ئابی بوو، دیاربوو شەو ئەم باسەی بۆ گێڕابوونەوە، پێشتریش دەیان بینی رۆژانە نوێژەکان دەکەم، حەنەفی ئابی نوسا بە منەوە زیاتر لە کوڕی خۆی گرنگی پێ دەدام، هەتا وتی کوڕێکم مردووە وەرە تۆ دەخەمە جێگەی کوڕەکەی خۆم و لە نفوس نەمکوژاندووەتەوە، بە وێنەی خۆتەوە دوکومێنتەکانی دەگۆڕم بۆ تۆ، ژنت بۆ دەهێنم، منیش وتم، من کەسێکی هەژارم لەم کارگەدا دەمێنمەوە کەی دۆخەکەم لەبارە بۆ ئەوکارە! ئەویش هاتە پاڵم و بە ئەسپای چپاندنیە گوێمەوەو وتی: تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە بڵێی بەڵێ، ئیتر باقی لەسەر منە!.

بەهەموو شێوەیەك هەوڵی دەدا قەناعەتم پێ بکات و هەرگیز لێی جیانەبمەوە، بەڵام من چوون قەرارم دابوو دواتر رێگەی ئەوروپام گرتە بەر، لەم سەفەرەدا هیچ بەقەدەر ئەوە ئازاری نەداوم ئەو پیاوەم لێ ون بوو، بەهۆی نارەحەتی سەفەرەکەو ون بوونی ژمارەی تەلەفۆنەکان، دوای گەشتنم بە ئەوروپاو وەرگرتنی جەوازو فرسەتی رۆشتنم بۆ ئەستەنبوڵ یەکەم کارکردم رۆشتم بۆ جێگەکەی لەوێ نەمابوو، ئای چەند سەختە ونبوونی ئازیزان، کەسێکی راستت دۆزینەوە لە ژیاندا هەرگیز مەهێڵە پەیوەندیەکانت لەگەڵ بپچڕێت،

لـەم درێـژ دادڕیـە ئـەوەم مەبەسـت بـوو، بـەڵام گرنگـە، بەڵـێ زۆریـش گرنگـە، لەبیرتـان نەچێـت وتـم گرنگـە.

===

چەنـد خۆشـە کەسـێك ناشـت ناسـێ بـە بـزە یـان زەردەخەنەیەکـەوە مەرحەبایـت دەکات، ئێمـە چ جـۆرە پەروەردەیـەك کراویـن وا مۆنـی و چاوگرژ کـردن بـە قورسـی و پیاوەتـی دەزانیـن. پیـاو ئەگـەر پیـاو بێـت دەبێـت هـەردەم پـێ بکەنێـت ئەگـەر چ ئازارێکـی قوڵیشـی هەبێـت، بـە تەنهایـی و نهێنـی شـەوان هەسـتەو بگـری بـەڵام کـە ڕۆژ بویـەوە پێبکەنن، بەڵـێ پێبکەنـن.

===

هەمـوو بردنەوەیـەك خـۆش نیـە، چەنـد خۆشـە بیبەیتـەوە بـەڵام لـە بەرانبەرتـدا کـەس نەیدۆڕێنـێ، چـۆن دڵتخـۆش بێـت و بەرانبـەرت دڵـی ئـازار بکێشـێ، ئـەوە چ جـۆرە مرۆڤێکـە چێـژ لـە ئـازاری بەرانبـەر وەردەگرێـت! توخـوا هـەر ئـەو یاریانـە مەکـەن کـە کەسـێك دەیباتـەوەو کەسـێك ئەیدۆڕێنـێ! بـا یـان هەموومـان بـراوە یـان دۆڕاوبیـن

===

بـە خاکەنازێکـەوە بـە دیـار کونێکـەوە وەسـتاوە، ئـاو دەکاتـە کونەکـە بـۆ ئـەوەی بێتـە دەرەوە، نایەتـە دەرەوە دەخنکـێ! دێتـە دەرەوە خاکەنـاز بـەر سـەری دەکەوێـت، گـەر بەرگریـش لەخـۆی بـکات دەڵێـن دڕەنـدە بـووا بـە ویژدانـەوە قسـە بکـەن کامیـان درەنـدە بـوون؟! ئـەو لەژێـر فشـارداو لـە ماڵەکـەی خـۆی دەریـان دەکـرد! ئـەو نمونـە لێـی تێدەگەیـن و دووریـش نـی یـە زۆربەمـای ئەنجاممـان دابێـت، بـەڵام زۆرکـەس هەیـە بـێ زیـان و بـە دەردی خۆیـەوە دانیشـتووە بـەڵام بـە زۆر لـە مـاڵ دەیهێننـە دەرو سـەری پـان دەکەنـەوە، تەنهـا لایەنـە فیزیکیەکەتـان لەبیـر نەبێـت، سـەری

زۆرمـان پـان کراوەتـەوە بـا لـە رواڵەتیشـدا هـەر خـڕ بێـت.

===

بـە زۆری و قەرەباڵغـی مەخەڵەتێـن، نابینـی زۆرکـەس لەنێـو ئـەو هەمـوو خەڵکـەدا سـەگێك هاودەمیەتـی، ئـەوە رێـك ئەوەیـە کەسـی لـەو باشـتر دەسـت نەکەوتـووە، بەڵـێ زۆریشـی تاقیکردووەتـەوە، بـە نمونەیەکـی چاولێکـەری رەخنـەم لـێ مەگـرە، چـاك دەزانـم کـە وایـە، ئـای لـە دەسـت مرۆڤـەکان! سـەگ جێگرەوەتـان بێـت، هـا نابینـی خـوای گـەورەش نمونەی ئینسـانگەلێکی بـە خراپتـر لـە حەیـوان باسـکردووە، ئـەوە بـێ رێـزی نیـە بـە ئینسـان، ئـەوە خۆبچوککردنەوەیـە کـە پێویسـتی بـە خزمەتـە بـۆ ئـەوەی بگاتـەوە ئاسـتی خـۆی، ئـای لـە دەسـت مرۆڤـەکان.

===

چەنـد ناخۆشـە، خـۆت گرفتـاری دەردێـك بیـت و دڵنەوایـی کەسێکی تـر بکەیـت لەسـەر هەمـان دەرد.

===

هەژارێـك کـە منداڵەکـەی داوای یاریەکـی لـێ دەکات و ئەویـش نیەتـی بـۆی بکڕێـت دەیخەڵەفێنـی بـۆ ئـەوەی لەبیـری بباتـەوە، لـە غەریبیـدا زۆرجـار دەبێـت دڵـی خـۆت بخەڵەفێنـی وەك کابـرا هەژارەکـە بـۆ ئـەوەی داوا سـەرەکیەکەی لەبیرچێتـەوە، ئـای چەنـد سـەختە لـە یـەك کاتـدا دوو رۆڵ ببینـی.

===

غەریبـی چەنـد ناخۆشـە، شـتگەلێك دەتگرێنـێ گـەر لـە وڵاتـی خۆتـدا بیـت پێـی پێدەکەنـی.

===

زۆر پـەردە بەسـەر دڵـدا دێـت و ئـەو لاپەڕانەی لەسـەریەتی دەیشـارێتەوە،

رێـك وەك مامەڵـەی هـەژارەکان بـۆ داواکاریەکانیـان لـە حکومـەت، هـا زۆرجـار دەڵـێ بەخـوا مەلەفەکـەت کەوتووەتـە ژێـرەوە. غەریبـی زۆرجـار وا دەکات مەلەفـەکان لـە ژێـرەوە هەڵدەیتـەوەو دانـە دانـە سـەیریان بکەیـت، لـە ئەنجامـدا بـۆت دەردەکەوێـت کەسـی وای تێدایـە کـە دەبـوو پێـش هەمـووی مامەڵەکـەی ڕاپەڕێنـی، ئـای چەنـد سـەختە کـە بـە هێمنـی چـاو بـەو مەلەفانـەدا دەخشـێنی...

لەبیـرم ناچێـت لەگـەڵ دۆسـتێکی زۆر ئەزیزمـدا لـە دانیشـتنێکی برایانـەداو دوای گفتوگۆیەکـی درێـژ وتـی کاتـی خـۆی وێنەیەکـت بـۆ نەنـاردم! وێنەیـەك گـەردی لـە دڵـی دۆسـتێکی ئەزیـزدا دروسـتکردبوو بـۆ مـاوەی سـاڵانێکی تولانـی، چەنـد گرنگـە پارێـزگاری لـەو محەبەتانـەی هەیـە بکەیـت، ئەگـەر بـە سـەلامێکیش بێـت لـە ڕێگـەی کەسـێکەوە، دڵ دونیایەکـی زۆر سـەیرە، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە نابینرێـت دەتوانێـت کاریگـەری لەسـەر گشـت ئەندامـەکان و هەتـا بیـرو ئەقڵیـش بـکات، چەنـد دڵ ئـازار دەکێشـێ کاتێـك دەرك بـە ئـازاری کەسـێك دەکات و ناتوانێـت هیچـی بـۆ بـکات، چەنـد خۆشـە بەرانبەرەکـەش بـەوە بزانێـت بـۆ ئـەوەی ئەویـش ئـازاری کەمتەرخەمـی ئـەم ئـازاری نـەدات، بـەڵام لـە کوردەواریشـدا جوانـە کـە وتـراوە دڵ لـە دڵ ئـاگادارە، هەربۆیـە گرنگـی ئیسـلامم دیسـان دەکەوێتـە بیـر چەنـد گرنگـی بـە دڵ داوە، کاتێـك خەڵکـی دەسـتی داوە دونیـا پەرسـتی و دڵـی فەرامـۆش کـرد، ئـا لـەو کاتـەدا کۆمەڵێـك پەیدابـوون و وتیـان دەبێـت ئێمـە کار لەسـەر دڵ بکەیـن و تەرکیزمـان لەسـەر دڵ بێـت، دواتـر ئـەوە بـوو سـۆفیگەری لێـوە پەیدابـوو، هەربۆیـە ئێسـتە کـە کەسـێك دەبینـم بەنـاوی سـۆفیەوە جوێـن و ڕق و قیـن بـڵاو دەکاتـەوە، هـەر بـە کردارەکەیـدا دەزانـم کـە سـۆفی نـی یـە، سـۆفی ئەگـەر سـۆفی بێـت، دەبێـت ئەوەنـدە مەحەبەتـی هەبێـت

نـەك دۆسـتەكانی، بەشـی دوژمنەكانیشـی بـكات.

===

ئێمـە میللەتێكـن زۆرینـەی كارەكانمـان لـە كاتـی خۆیـدا نەكـردووە، بەجۆرێكـی تریـش بڵێـم مەزڵومیـن، دواتریـش قەرەبـوو ناكرێتـەوە، مـن ئێسـتە دادەنیشـم بەدیـار فلیـم كارتۆنـەوە هـەر تێـری لـێ ناخـۆم، گـەر كەسـێك بەسـەرمدا بێـت شـەرم دەكـەم و كارتۆنەكـە دەگـۆڕم، ئاخـر دەبـوو ئـەو كارتۆنـە لـە ٤ ساڵیدا سـەیرم بكردایـە، زۆرجـار سـەیری تیڤیـە ئینگلیزیـەكان دەكـەم كـە پرسیارو وەڵام دەكـەن بـۆ ئـەوەی شتێكی لێـوە فێربـم، پرسـیارە سـادەكان كـە لـە سـەرەتاوە دەسـت پـێ دەكات لای مـن زۆر نارەحەتـە، كەچـی منداڵەكانـم یەكسـەر وەڵامەكـەی دەڵێـن، دواجـار دەكەوێتـە یـادم كـە ئێمـە لـە تەمەنـی خۆمانـدا ئـەوەی پێویسـت بـووە فێـر نەكراویـن، هـا نابینـی هەتـا هـەر بـە منداڵـی دەیانەوێـت بمانكەن بـە پیـاو، بۆیـە كـە گـەورە دەبیـن و قـەرارە پیـاو بیـن دەبیـن بـە سـتەمكار، ئەوانـەی ئێسـتە سـتەمكارن بەسـەرمانەوە بـە حسـاب هـەر بـە پیاویـش لـە دایـك بـوون، بـەڵام ئێسـتە كێـن ئەوانـەی قـەرار لەسـەر پیاوەتیـان بـدات...

سـەركەوتن ئـەوە نـی یـە منداڵەكـەت هـەر لـە منداڵیـەوە پیـاو بێـت، یـان كـە گـەورە بـوو دكتـۆر یـان سیاسـی بێـت، سـەركەوتن ئەوەیـە بهێڵـی خـۆی بێـت، چێـژ لـە منداڵـی خـۆی و بەهرەكانـی وەرگرێـت، بـەزۆر مەیكـە بـە سیاسـی یـان دكتـۆر، تەنهـا ئەخلاقـی فێربكـە، فێـری بكـە ئـاگای لـە دڵ بێـت، بەڵـێ دڵ، دڵ دەڵێـم دڵ.

===

دواجـار هەموومـان دەمریـن، یەكـێ زۆرتـر خۆشـی و یەكـێ زۆرتـر ناخۆشـی دیـوە، وای بەحاڵـی ئـەوەی خۆشـیەكانی لەسـەر حسـابی

ناخۆشـی ئەوانـی تـر بـووە.

===

سەیر نی یە؟ غەریبی خۆی دەردە! کەچی بۆ دەرمانیش بەکاردێت.
زۆرجـار ئـەوەی شـایەنی وتنـە ناوترێـت! یـان دەتوانرێـت بوترێـت گوێگـری نـی یـە! سـەیر نـی یـە؟ ڕۆژانـەش گـوێ لـە هەڵیـت و پڵیـت دەگریـن، ڕاشـکاوانەتر، سـور دەشـزانین هەڵیـت و پڵیتـە.
مرۆڤ چ کائینێکی سەیرە! مەگەر هەر قیامەت یەکلامان کاتەوە.

===

تـۆ کـە دەتوانیـت بـە خەیـاڵ بەهەشـتێك بـۆ خـۆت دروسـت بکەیـت، بـۆ جەهەنەمێکـت بـۆ خـۆت خولقانـدووە، خـۆ ئەویـش مـادەی ناوێـت، تەنهـا بیرکردنـەوەت بگـۆڕە.

===

چ میللەتێکـی گوناحیـن، دەکەوینـە دۆخـی واوە بـە هیـچ زمانێـك ناتوانین بەرانبـەر تێبگەیەنیـن، کێشـەکە زمـان نـی یـە، ئێمـە زۆر لـە قوڵتـرەوە برینداریـن، چەنـد سـەختە دەچیـت بـۆ کاری تەرجومـە بـۆ کەسـێك بـە حسـاب کێشـەی زمانـی هەیـە، دوای ئـەوەش وشـەکانی بـۆ وەردەگێڕیـت هـەر هێشـتا کێشـەکان چارەسـەر نابێـت، هیـچ کامیـان لـە یەکتـر تێناگـەن، بـەڵام لـە پشـتی وشـەکانەوە کۆمەڵێـك ئەحسـاس هەیـە دڵـی دەوێـت تێبـگات نـەك زمـان، دڵ، دڵ دەدەڵێـم دڵ.

===

بەشـێوەیەك تێکشـکێنراوین هیـچ وەسـتایەك چاکمـان ناکاتـەوە، دەڕۆینـە هـەر جێگـەو سـەیرمان دەکـەن دەڵێـن دەسـتبەرداریین باشـترەو مەسـرەفی کەمتـرە وەك لـە چاککردنـەوەی، دەبێـت ئێمـە دیسـان لـە دایـك ببینـەوە، گەرنـا هەرگیـز چـاك نابینـەوە، تەنهـا یـەك ئایەتـی قورئـان

چاکمـان دەکاتـەوە، بـەڵام ئێمـە باوەڕمـان پێـی نیـە! خـۆ ناشـڵێین باوەڕمان پێـی نـی یـە! دەڵێیـن دەیخەیـە سـەر سـەرمان، مەیخەنـە سـەر سـەرتان، بیخەنـە نێـو دڵتـان، دڵـم وت ئەمجـارەش دڵ.

===

ئاسـك هـەر کـە ڕۆژ بوویـەوە دەبێـت ڕاکات بـۆ ئـەوەی شـێر نەیگرێـت، شـێریش دەبێـت ڕاکات بـۆ ئـەوەی ئاسـك بگرێـت.
فەقیـر دەبێـت راکات بـەدوای نانـدا، دەوڵەمەنـد دەبێـت راکات بـۆ ئـەوەی قەڵـەو نەبێت، لـە ئەنجامـدا ئێمـە هەمووەمـان رادەکەیـن، وای بـە حاڵـی ئـەوەی کـە نەزانێـت چـۆن رابـکات و بکەوێتـە چنـگ شـێرە بـێ ڕەحمەکانـەوە.

===

پیاوێـك وتـی بـا باپیـرم ئایـا دەبێـت دووکـەس بخرێتـە یـەك قەبـرەوە؟ باپیریشـم زۆر قسـە لـە رووبـوو وتـی: بەڵـێ دەکرێـت! ئەگـەر وەکـو تـۆ بچـوك بێـت.
گفتوگۆیەکـی درێـژ دروسـت بـوو لەسـەر ئـەوە، هەبـوو دەیگـوت لـە شـەڕەکاندا کـە ناچاریـەو توانـا کەمـە ئـەوە دەکرێـت، هەندێـك جاریـش بەداخـەوە بـە کۆمـەڵ دەکرێـت. سـەیری قورئانـم کـرد بینیـم لەسـەر ئـەم ڕێژەیـە (يَـا أَيُّهَـا النَّبِـيُّ حَـرِّضِ الْمُؤْمِنِيـنَ عَلَـى الْقِتَـالِ ۚ إِن يَكُـن مِّنكُمْ عِشْـرُونَ صَابِـرُونَ يَغْلِبُـوا مِائَتَيْـنِ ۚ وَإِن يَكُـن مِّنكُـم مِّائَـةٌ يَغْلِبُـوا أَلْفًـا مِّـنَ الَّذِيـنَ كَفَـرُوا بِأَنَّهُـمْ قَـوْمٌ لَّا يَفْقَهُـونَ) الانفـال ٦٥
بـە ئیـرادەی مرۆڤـەکان مـرۆڤ دەتوانێـت لـە ئاسـتی خـۆی زۆر زیاتـر گەورەتـر بێـت، ئەمـە هـەم بـۆ لایەنـی فیزکـی و هەمیـش رۆحـی، لـە پێشـدا مرۆڤێکـی ئیمانـداری بـە هیمـەت بەرانبـەر ١٠ نەفـەر بـووە.
بـەڵام دواتـر کـە هیمەتەکـە دابەزیـوە هـەر ئـەم کەسـە ئیمانـدارە بووەتـە

بەرانبەر ٢ کەس (الْآنَ خَفَّفَ اللَّهُ عَنكُمْ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمْ ضَعْفًا ۚ فَإِن يَكُن مِّنكُم مِّائَةٌ صَابِرَةٌ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ ۚ وَإِن يَكُن مِّنكُمْ أَلْفٌ يَغْلِبُوا أَلْفَيْنِ بِإِذْنِ اللَّهِ ۗ وَاللَّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ) الانفال ٦٧. واتە کەسێك بەرانبەر دووکەسە بەلانی کەمەوە، هەر لە دونیاشدا خۆمان دەتوانین ئەمە تاقی بکەینەوە، ها نابینی کەسی وا هەیە بەقەدەر ٢ کەس ئیش دەکات، وە دەشتوانرێت زۆر لە ئاستی ئەوەش زیاتر هەم بۆ ئیش و هەم بۆ هیمەت بەرزی و بەها رۆحی و ئەخلاقیەکان، هەشە زۆر بە پێچەوانەوە بە دە کەسیشەوە کەسێکیان لێ دەرناچێت، تۆ بۆ ئەوەی کەسێکی تەندروست و تەواو بیت دەبێت بەلانی کەمەوە هیمەتی ٢ کەست تێدا بێت، خۆ ئەگەر زیاتر بێت ئەوە بەهای خۆت لە دونیاو لە قیامەتیشدا بەرزتر دەبێتەوە، دەبێت گرنگی بە کوالەتی بدرێت لەگەڵ رێژەدا، قورئانێك بە ئاگاییەوە خەتم دەکرێت جیاوازی زۆرە لەوەی بە خێرایی بەسەریدا تێدەپڕی، ئێمە خۆمان زۆر هەرزان فرۆشکردووە بۆیە هەتا بەهای دونیایشمان نەماوە، زۆرجار خزم خۆی لە خزم دەشارێتەوە، هاوڕێکان لەیەکتری، چەند ناخۆشە بەشێوەیەکت لێ بێت کەسێك کە چاوی پێکەوتی پێچی لێ بدات و حەزنەکات خۆیت نیشان بدات.

وای بەحاڵی ئەوەی رێز بۆ خۆی دانانێت و هیمەت و بەهاکانی بۆ ئاستێکی زۆر نزم دادەبەزێت.

===

رۆشتمە شێتخانەوە بۆ کاری تەرجومە، دیتم کەسێك شای و خۆشی دەکات و لەم سەرەوە بۆ ئەو سەر بە پێکەنینەوە بەناو خەڵکەکەدا تێدەپەڕی، جارێکی تر بۆ هەمان کار دیسان رۆشتمەوە دیتم هەمان کەس گریان و واوەیلایەتی، جارێکی تر دیسان رۆشتمەوە هەمان کەس

لێکۆڵینـەوەی لـە دانـە بـە دانـەی شـێتخانەکە دەکـردو هـات بـۆ لای مـن و سـەیری باجەکـەی دەکـرد تـا نـاوم بنوسـێت، دکتـۆرەکان هەمووجارێـك چاوێکیـان لـێ دادەگرتـم تـا تێبگـەم و دۆخەکـە بخوێنمـەوە.
سـەیرم بـەوە لـێ نەدەهـات چـوون شـێتخانەبوو، بـەڵام ئێسـتە مـن لـەدرەوە زۆرکـەس دەبینـم هەمـان دۆخـی هەیـە، کـە کردارەکانـت شـێتانە بـوو دەرەوەو ژوورەوە بـۆ تـۆ جیـاوازی نـی یـە، بـەڵام بێگومـان بـۆ کەسانی تـر جیـاوازی هەیـە، چـوون هەمووجـار دکتۆرێـك لـە تەنیشـتەوە نـی یـە تـا چاوێـك داگرێـت، چەنـد گرنگـە رەفتارەکانمـان شـێتانە نەبێـت.

===

تـۆ تەنهـا موڵکـی خـۆت نیـت تـا هەرچیـت بوێـت بیکەیـت، ئەگـەر مادەکـەش بـە رەنجەشـانی خـۆت پەیـدای دەکەیـت بەهـا رۆحـی و ئەخلاقیەکانـت زۆرینـەی بـۆ مـاوەن، ئەگـەر جەسـتەکەت بمرێـت پـارەت بـۆ کۆدەکەینـەوەو مەیتەکـەت رەوانـەی کوردسـتان دەکەیـن، ئەگـەر پارەشـت نەبێـت، بـەڵام کـە رۆحەکـەت مـرد پێشـوازی لـە جەستەکەشـت ناکرێـت یـا بـۆ خۆشـت تکتەکـە بکڕێـت و بـە دیاریشـەوە بگەڕێیتـەوە، فرسـەتێکت بـۆ رەخسـاوە لەسـەر نەهامەتـی و ناخۆشـی لـە وڵاتێکـی ئەوروپیدایـت، پارێـزگاری لـە بەهـا رۆحـی و ئەخلاقیەکانـت بکـە، دواتـر بـە پـارە قەرەبـوو ناکرێتـەوە.

===

لـە کوردسـتان تەنەزولـی فکـری بـۆ حیزبـەکان نەکـردووەو بـە هـەزار قوربەسـەری گەشـتووەتە ئەوروپـا، کەچـی لـە ئەوروپـا تەنەزولـی بـاوەڕی بـۆ ئیقامەیـەك کـردووە، تـۆ کـە تەنـەزول بەلاتـەوە ئاسـاییە بـۆ ئـەم دەردە سـەریەت بەسـەر خـۆت و کەسوکاریشـدا هێنـا بـۆ ئیقامـە، خـۆ لـە کوردسـتان ئیقامـەی دائیمیـت هەبـوو.

عەقیدە زۆر لە پێش فکرەوەیە، فکرەکان دێن و دەچن بەڵام عەقیدە تەنها هەر یەك عەقیدەیە. لە مێژوودا کۆچکردن زیاتر لە پێناو عەقیدەدا بووە نەك فکرو ئایدۆلۆژیا. وای بە حاڵی ئەوەی ئارامی نی یەو هەر زوو بڕیار دەدات.

===

بە بڕوانامەی دکتۆراوە لە چەندین جێگە کارم کردووە، پێش ئەوەی ڕێگەم بدەن بەکارکردن داوای بڕوانامەی ئەخلاق دەکەن کە پێی دەوترێت DBS لە بەریتانیا، گەر کێشەی ئەخلاقیت هەبێت بڕوانامە زانستیەکە ناخوات، دەبینی ئەخلاق لە زانست زۆر گرنگترە، ئێمە زۆرجار ئەخلاقمان لە بەین دەبەین بۆ بڕوانامە، بڕوانامە ئەگەر بڕوانامە بێت دەبێت لە خزمەتی ئەخلاقدا بێت، هەشە بەداخەوە دەگاتە ئەوروپا یەکەم شت لە بەینی دەبات ئەخلاقەکەیەتی، وا دەزانێت بەوە پێش دەکەوێت! زۆرینەی ئەو کێشانەی وەك لایەنی کۆمەڵایەتی دێتە بەردەستمان و پێوەی گیرۆدە دەبین بۆ چارەسەرکردنی لایەنی ئەخلاقیە، زۆرینەی ئەو کێشانەش کە بەشداریم تێداکردووە لە بنکەی پۆلیس و دادگاکان هەم دیسان ئەخلاقیە، زمانیشی مەترێك درێژ دەکات بۆ لە ئیسلامدا عقوبەی قورس بۆ چی و چی دانراوە! سەلات و سەلام لەسەر ئەو کەسەی کە فەرموویەتی (إنما بعثت لأتمم مكارم الأخلاق) وە خۆشی لە بەرزترین پلەی ئەخلاقدا بووە (إِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ)

===

چاوپێکەوتنێکی مستەر بین م دی باسی ئەزمون و بەسەرهاتی خۆی دەکرد، وتی ڕۆژێك لە جێگەیەك کابرا زۆر بە سەرسامیەوە سەیری دەکردم و لێم نزیك دەبوویەوە، وتی تەواو لێم نزیك بویەوەو وتی

دەتوانـم پرسـیارێکت لـێ بکـەم؟ وتـی منیـش وتـم فەرمـوو، وتـی تـا ئێسـتە کـەس پێـی نەوتوویـت تـۆ رێـك هـەر دەڵێـی مسـتەر بیـن ی! وتـی منیـش وتـم ئـەی بـۆ خـۆم هـەر مسـتەر بیـن م! وتـی ئەویـش بـە پێکەنینێکـەوە وتـی درۆ دەکەیـت! وتـی تـا زیاتـر محاوەلـەم دەکـرد تێیگەیەنـم کـە مـن مسـتەر بیـن م ئـەو زیاتـر بـاوەری نەدەکـردو پێـی رادەبـواردم و دەیگـوت حـەزت دەکـرد ئـەو بوایەیـت وایـە؟! حەقیقەتیـش وەك ئـەوە وایـە زۆرجـار هەرچـی هـەوڵ دەدەیـت بەرانبـەر تێگەیەنیـت زیاتـر لێـت بـە گومـان دەبێـت!.

===

لـە یەکێـك لـە کەناڵـە ئینگلیزیەکانـدا چاوپێکەوتنێـك بـوو لەگـەڵ ئەکتەرێکـدا، باسـی ئەزمونێکـی خـۆی کـرد لـە دەرەوە، وتـی لـە ئیسـپانیا لـە چێشـتخانەیەك رۆشـتمە سـەر ئـاو، وتـی دوای تەواوبوونـم هەرچـی فلاشـی ئاوەکـە دەسـتم پێـدا دەنـا کاری نەدەکـرد، وتـی زۆر مامـەوەو ئیحـراج بـووم و بـە عەیبـەم دەزانـی پیسـیەکەم هـەروا بـە دەرەوە بێـت و چاریشـم نەبـوو، وتـی ناچـار رۆشـتم بـۆلای کارمەندێـك و لێـم تێنەدەگەشـت کـە چ دەڵێـم، وتـی بـردم بـۆ ئاودەسـتەکەو ویسـتم هـەر بـە عەمەلـی نیشـانی بـدەم کـە کێشـەکەم چـی یـەو بـێ مەعریفەتـی نـی یـە، وتـی دەسـتمنا بـە فلاشـی ئاوەکـەداو ئاوەکـە دابـەزی و پیسـیەکەی یەکسـەر هەمـووی بـردە خـوارەوە، وتـی کابـرا رووی تێکـردم وتـی ئـێ بۆچـی ئەمـەت کـرد؟ وتـی منیـش هیچـم بـۆ نەمایـەوەو وتـم هـەر بـۆ ئـەوە بانگـم کـردی کـە مـاڵ ئاوایـی لـە پیسـیەکەم بکەیـت.

جـا بیلموناسـەبە گەورەتریـن کێشـە لـە غەریبیـدا دەسـتپێدەکات ئـەو تەوالێتـە غەربیانەیـە، لەبیرمـە لـە تورکیـا لـە شـوقەکاندا بـاس هـەر باسـی تەوالێـت بـوو، وتـم ماڵتـان ئـاوا بێـت تورکیـا ئـەو هەمـوو خواردنـە

خۆشـەی تێدایـە باسـی ناکـەن پیسـی چـی یـە بـەردەوام هالـە سـەر زمانتـان...
برادەرێکـم فیـزەی سـویدی وەرگرتبـوو، وتـم حەتمـەن زۆر چێـژی لـەو سـەفەرە وەرگرتـووە لـە کوردسـتانەوە بـۆ سـویدو یەکەمجـار حەتمـەن خۆشـە، وتـم مامۆسـتا سـەفەرەکەت چـۆن بـووە؟ وتـی جـا توخـوا تەوالێـت هێشـتی بزانـم چۆنـە، فەقیـرە دەردی کـورد دەڵـێ گویەکـی بـە دڵـی خـۆی نەکردبـووە.
===
لـە کارگەیەکـی بەرگـدروو کارم دەکـرد لـە ئەسـتەنبوڵ، ئافرەتێکـی تێدابـوو ئـەو خواردنـەی کـە لـە چێشـتخانەوە دەهـات بـۆ کرێـکارەکان دابەشـی دەکـردو چایـی بـۆ دەکردیـن، زیاتـر لـە مەتبـەخ دەمایـەوە، بـەڵام کـە دەستیشـی خاڵـی دەبـوو کاری تـری دەکـرد، منیـش نێوانـم خۆشـکرد لەگەڵیـداو پێـم وت: تـۆ خواردنەکـە دابـەش دەکەیـت، ئێمـەش دوو گەنجیـن و شـەو لـەم کارگـەدا دەمێنینـەوەو نازانیـن خـواردن دروسـت بکەیـن، ئەوەتـا زۆر لـە خواردنەکـە پیـس دەبێـت و بـە فیـڕۆ دەچێـت، ئەگـەر تـۆ بتوانیـت هەندێکمـان بـۆ دابنێیـت پێـش دابەشـکردنی مەمنـون دەبیـن و ئێمـە لـەو ئەزیەتـە رزگار دەکەیـت، چـوون ئەگـەر ئـەوە نەبێـت ئێمـە هـەر پەتاتـەی سـورەکراوو شـتی سـادە دەخۆیـن ئێـواران، یەکسـەر قبوڵـی کـردوو تۆزێکیـش دڵـی پێمـان سـوتا، منیـش زۆر مەمنونـی بـووم و ئیتـر وەك پـورو کەسێکی نزیکـی خـۆم سـەیرم دەکـرد، ماوەیەکـی زۆر لـە ئیسـراحەتدا بوویـن و بـە ڕێـك و پێکـی خواردنـی بـۆ دادەنایـن، رۆژێـك پێکـەوە کارمـان دەکـرد، خەریکـی وتـوو وە ئـەو جلانـەی کـە دورابـوون و دەزووی زیـادەی پێـوە بـوو بـە مەقەسـتی بچـوك لێمـان دەکـردەوە، کچێکیشـی لەگەڵدا بـوو تـازە لـە ژێرە دەرۆشـت و یەکسـەر پێـی ناسـاندم،

وتـی ئەمـە کچـی منـە ١٣ سـاڵەو ئێسـتە پشـووی هەیـە لەگـەڵ خـۆم هێناومـە بـۆ ئیشـکردن، دیاربـوو شـتێکیان بـۆ حسـێب کردبـوو لەبـری کارکردنیـدا، منیـش وتـم تەمەنـی درێـژ بێـت و سـەرکەوتوو دەبێـت لـە خوێندندا ان شاء الله، وە ژیانیش قورسـە ئاسـاییە لە پشـوەکاندا ئیشـێك بـکات و کـە لەگـەڵ خۆشـتدایە ئـەوە زۆر باشـەو چاودێـری دەکەیـت، دەمەتەقەمـان لەوپـەڕی خۆشـی و وەك خانەوادەیـی وابـوو تـا پرسـیاری کـرد کە مـن تەمەنـم لـە چەنـد دەچێـت؟ منیـش هەوڵمـدا ڕێـك وەك خـۆی دەری بکـەم، بیـرم کـردەوە کچەکـەی تەمەنـی ١٣ سـاڵەو خۆشـی فەقیـرە دیاربـوو زۆر هیلاکـی ژیـان بـوو، ئەوسـا تورکیـا وەك ئێسـتە وەزعیـان خـۆش نەبـوو، منیـش وتـم تەمەنـت ٤٠ سـاڵ! هـەر ئەوەنـدە وتـم ٤٠ نەیهێشـت بـە تـەواوی بکـەم، وتـی ئیتـر خـواردن تـەواو (یەمـك یـوخ) ئـەی قـوڕ وەبانـی سـەرم چیـم کـرد، فائیـدەی نەبـوو هەرچـی ماسـتاوم بۆکـرد ئێسـتەش خواردنـی بـۆ دانەناینـەوە، ڕێـك دەتگـوت پارتـی و یەکیەتـی مامۆسـتای بـوون، کـە هەرکـەس پێچوانەیـان بڵـێ نانـی دەبـڕن، ئیتـر ئـەوە بـوو بـە وانەیـەك لـە ژیانمـدا هەرگیـز یـان رای خـۆم نەڵێـم بـۆ تەمەنـی ئافـرەت یـان یـەکاو یـەك خاتـری بگـرم.

جـا دەڵـێ قسـە دێ و قسـە ئەبـڕێ، مامۆسـتایەکم هەبـوو لـە لەنـدەن نـاوی ماریـا بـوو، باسـی تەمـەن و پرسـی تەمەنـی کـرد لـە ئافـرەت، وتـی لـە بەریتانیـا ئافـرەت پێـی ناخۆشـە پرسـیاری تەمەنـی لـێ بکەیـت ئەگـەر تەمەنـی لـە سـەرو ٢١ سـاڵەوە بێـت، بۆیـە زۆرجـار کـە پرسـیاری لـێ بکەیـت هـەر دەڵـێ ٢١ واتـە پرسـیار مەکـە، خـۆی وتـی مـن تەمەنـم ٣٨ سـاڵە پرسـیار لـە دایکم بکەیـت کـە چەنـد سـاڵە دەڵـێ ٢١. منیـش لـە دڵـی خۆمـدا وتـم بەخـوا دەردەکـە ئێرەشـی گرتووەتـەوە، جـا نەڵێـن ئەوروپـا واقعیـن و قسـەی هەلەقومەلـەق مەکـەن تـا نانتـان نەبڕدرێـت.

===

کاتێـك لـە ماڵدایـت هـەرکات بتەوێـت دەخۆیـت، زۆرجـار منـەت و نـازو بیانوشـی لەسـەر دەهێنینـەوە، لـە هەرکوێـدا راکشـێیت سـەقفێك بەسەرتەوەیەو ترسـت لـە خـوا نەبێـت لـە کـەس نـی یە.هـەر ئەوەنـدەی لـە مـاڵ دەرچوویـت ئیتـر گەورەتریـن کێشـە کـە زۆرجـار ئامانجەکـەت لەبیـر دەباتـەوە خـواردن و خەوتنـە، نابینـی زۆرکـەس لـە رێگـەی ئەوروپـا کـە ماوەیـەك برسیان بـووە گەڕاونەتـەوە، یـان چەنـد رۆژێـك سـەرمایان بـووە، لـە بنەڕەتـدا خـۆ ئـەوە ئـەوان ئامانجیـان نەبـووە، جـا لایەنـی رۆحیـش لـەولاوە بـا بوەستێت گـەر زگیشـت تێـر بێـت دڵـت کوڵـەی دێـت و نازانیـت چـۆن تەعبیـری لـێ بکەیـت، کـوردەواری دەڵـێ ئاسـمان بـەرزو زەوی سـەخت، هاوڕێیەتـی گرنگیەکـی یەکجـاری هەیـە لـە ژیانـی مرۆڤدا، هەربۆیـە ئیسـلامیش زۆر جەختـی لەسـەر کـردووە.

===

نـەوەدەکان بـوو سـەفەری ئەوروپامـان دەسـتپێکرد، گەشـتینە شـارێك بەنـاوی ئەدەنـە، کـە ١٢ کاتژمێـر لـە ئەستەنبوڵەوە دوورە، ٣ کـەس بوویـن بـە هـاوڕێ، ئەڵبـەت هاوڕێـی ناچـاری بـوو، زیاتـر وەك لـەوەی هەڵبـژاردە بێـت، وامزانـی کەسـانی چاکـن و بـە خەڵکـی ناوچەکەمانـە متمانـەم پێکـردن، مـن ١٠ ملیۆنـی ئەوکاتـەم پـێ بـوو کـە رێـك کرێـی پاسـەکەی دەردەکـردم تـا ئەسـتەنبوڵ، ئەوانیـش بـە هەردووکیانـەوە ٥ ملیۆنیـان پـێ بـوو، پرسـیارمان کـردو هەوڵمـدا هیـچ سـودی نەبـوو کـە دەبێـت ٣٠ ملیـۆن بدەیـت بـۆ تکتـی ئەسـتەنبوڵ بـۆ هەرسـێکەمان، داوایـان لەمـن کـرد کـە پارەکەمـان تێکـەڵ کەیـن و دەسـت لەیـەك بەرنەدەیـن، منیـش وتـم بەسـەرچاو، بـە ١٥ ملیۆنەکـە ٣ تکتمـان بـڕی بـۆ ئەنقـەرە، کـە ٦ کاتژمێـر لـە ئەسـتەنبوڵ نزیکـی دەکردینـەوەو ٦ کاتژمێـری ترمـان دەمـا

بۆ ئەستەنبوڵ، گەشتینە ئەستەنبوڵ و یەك عانەمان پێ نەما، ئەوەی یەكجار بەلاشمانەوە ناخۆش بوو هەتا سەرئاو بە پارەبووا ئێمەی داماو پارەمان بۆ نان پێ نەبوو، جا وەرە ئێستە پارە بۆ گوش بدەین، ئەو دوو برادەرە هەستم دەكرد هەر چاویان لەوەوەیە كە لە جێگەیەكەوە بە هەرشێوەیەك بێت پارە دەستبخەن بۆ كرینی تكت، ئەڵبەت زۆر پرسیارمان كردو داوای هاوكاریمان لە چەند كوردێكی كرمانج كرد فایدەی نەبوو، هەرچەند وتمان گەر لەگەڵیشمان بێیت بۆ ئەستەنبوڵ لەوێ ئێمە پارەمان دەست دەكەوێت و هەرچەندت بوێت دەتدەینێ، وەلحاڵ هیچ، سەرتان نەیەشێنم، برادەرەكانم وتیان تەنهاو تەنها یەك حەلمان هەیە ئەویش ئەوەیە دزی بكەین! ئەی خوا گیان توشی چ جۆرە هاوڕێیەك بووم، جا خۆ هەر لە ئێستەوە دەستبكەین بە دزی خۆ ڕۆشتینە ئەوروپا پیاو بە كاڵی ئەخۆین، هیچ فایدەی نەبوو لەگەڵیان لەسەر بۆچوونی خۆیان سور بوون، پلانیان دانا وتیان لە ژێر پردەكاندا تۆزێك تاریكی كرد جامتای ئافرەت دەرفێنین و حەتمەن جزدانی تێدایەو ئەوپارەمان دەست دەكەوێت، مەعقول نی یە لێرە بەهۆی بێ پارەییەوە سنورداش بكرێینەوە.

منیش وتم ئەگەر بە دڵنیایشەوە سنورداش بكرێم پەنا بۆ ئەو كارە نابەم، ئەڵبەت ئەوان دوان بوون و پشتی یەكتریان دەگرت و دەیانگوت تۆ مەلایت، مەلای لێرە ناخوات و خۆ ئێمە بۆ ئەوروپا دەچین لەوێ واز لەم شتانە دەهێنیت، ئیتر لەو جۆرە قسانە.

شەوێك ماینەوە لە دەرەوەی ترمیناڵەكە خەوتین یەكجار زۆر سەرمامان بوو، سبەی بە تەواوی تینمان بۆ هات، پۆلیسیش گرتینی داوای پاسەپۆرتی لێ كردین، ئێمەش سەرو هەویەیەكمان پێ بوو قاچاخچی پێی دابووین پێیان دەوت (دەڕنەك) كە كرابووین بە

ئێرانیـش لـە دەڕنەکەکـەدا، دامـان بـە دەسـتەوە بـاش بـوو خـواردی و بـەرەڵای کردیـن، بـەڵام ترسـمان زۆر لـێ نیشـت و وتمـان وەزعەکـە لـە باشـیدا نـی یـە، ئەوەنـدە هاتیـن و ڕۆشـتین تێبینیمـان دەکـەن، یـەکلا بووینـەوە کـە ئـەوان هـەر لـە سـەر بۆچوونـی خۆیـان بـوون و دزی بکـەن و منیـش وتـم تـەواو لەگـەڵ ئێـوەدا نایـەم، هـەروا لەمانـەدا بوویـن ئەوانیـش زۆر چاویـان لـە دەمـی مـن بـوو، وەك بڵێی دەترسـن لـە دزیەکەو ئەمەلێکیشـیان بـە مـن هەبـوو کـە پێشـتر پـارەم پێدابـوون، جـا کەسـی ئیمـان لاواز هـەردەم بـە گومانیشـە، وتـم کاکـە ئەگـەر مـن پـارەم پـێ بوایـە خـۆ ئـەوەی نەدەویسـت وەك چـۆن پێشـتر پێمـدان ئێسـتەش بـە هەمـان شـێوە، وتیـان دەی باشـە بـۆ نایەیـت هەمووەمـان پێکـەوە دزیەکـە دەکەیـن، وتـم واز لـەو بۆچوونـە یـان بهێنـن یـان مـن خواحافیـز، خـوا حافیزیمـان لەیـەك کـرد هـەروا دەسـوڕاینەوەو بەیـەك دەگەشـتینەوە، لـەو نێوەنـدەدا زۆر تاقیباتـم کـرد بینیـم هەمـوو سـەری کاتژمێرێـك پـاس دەردەچێـت بـۆ ئەسـتەنبوڵ، جـوان سـەیرم دەکـرد پاسـەکان هەبـوو پـڕ دەبـوو، هەبـوو نیـوە، هەبـوو هـەر چەنـد نەفەرێـك، بـەڵام پاسـەکە هـەر لـە کاتـی خۆیـدا دەردەچـوو، بیـرم کـردەوە بەبـێ تکـت سـەرکەوم و خـوا گەورەیـە، هەرچەنـد ئەمـەش پـارە نـادەم بـەڵام بەلانـی کەمـەوە بـە ئاشـکرایەو وە پاسـەکە خـۆی هـەر دەچێـت دەچێـت ان شـاء الله خێـری پێـوە دەبێـت، ئـەم بۆچوونـەی خۆمـم پـێ گوتـن، وتیـان شتی وا موسـتەحیلە ئـەوە هـەر خۆیـان دەتگـرن و تەسـلیمی پۆلیسـت دەکـەن، منیـش وتـم پشـت بەخـوای گـەورە مـن ئەمـە دەکـەم نـەك دزی، وتیـان دەی بـڕۆ ئێمـە لەگەڵـت نایەیـن، هـەر بـەدوای منـدا دەهاتـن تـا بزانـن دەوێـرم ئـەو کارە بکـەم، منیـش ترسـێکی زۆریشـم هەبـوو بـەڵام کـە بیـرم لـە دزیەکـە دەکـردەوە کـە لام زۆر سـەخت بـوو دزی، ترسـەکەم

کەم دەبوویەوە، پاسێك سەرنشینەکانی سەرخستبوو هەروا چاوەڕێی کەسی تریان دەکردوو پاس کەوتە ئیش و هێشتا دەرگا کراوە بوو، فرسەتم هێناو سەرکەوتم، ئەوانیش منیان دی کە سەرکەوتم، ڕۆشتم لە دوای دواوە دانیشتم، زۆری پێ نەچوو خزمەتگوزاری دەستی پێکرد، چایان دەهێنا پسکیت، عەتریان دەکرد بە دەستی خەڵکدا، منیش بە شەرمەزاریەکی زۆرەوە دەمخواردو عەترەکەشم دەسویە ملما چوون بۆنم زۆر ناخۆش بوو بوو، لە دڵی خۆمدا وتم دیارە هەر ئەوەندە سەخت بووە کە سەرکەوم ئەوەتا هەولێری دەرێ هیچ لە گۆڕێ نی یە، دوای ماوەیەك کابرایەك لە پێشی پێشەوە بە دەفتەرو قەڵەمەوە قوت بوویەوەو دیار بوو داوای تکت لە سەرنشینەکان دەکات، منیش هەر دیم خۆم بۆ فلیمێك حازر کرد، گەشتە سەرەی من و ئەو زۆر بە ئاسایی وتی تکتەکەم بەرێ، منیش وتم تکتم نی یە، وتی چۆن تکتت نی یەو سەرکەوتوویت، بەلایەوە قورس بوو، وتی دەی ئاساییە پارەم بدەرێ، منیش لە دڵی خۆمدا وتم جا ئەگەر پارەم پێ بوایە تکتەکەم دەبڕی، وتم کاکە پارەشم پێ نییە، ئەڵبەت من بە کوردی و ئەو بە تورکی و شتەکان بە ئەقڵەن و بە زمانی جەستە زیاتر قسەم دەکرد، خراپ نوسا پێمەوەو وتی شتی وا هەرگیز نابێت، منیش هەستامە سەر پێ و باخەڵەکانم هێنایە دەرەوە تەنها دەفتەرێکی چکۆلانەی تێدابوو کە هەندێك ژمارەی تەلەفۆنم تێدا نوسی بوو، وتم ئەوەتا ئیتر باوەڕ بکەیت و نەیکەیت، قەناعەتی کرد وتی بەڵام گەشتینە ئەستەنبوڵ دەبێت پارەکە بدەیت، ئەگەر نەیدەیت پۆلیس پۆلیس هەردوو دەستی نوسان بەیەکەوە وەك ئاماژە بۆ کەلەپچە، منیش وتم خوا گەورەیە تۆ لێم گەڕێ دانیشم خەمت نەبێت، ئیتر وازی لێ هێنام، دوای ئەوە چاو قاوەو پسکیتیان دەهێنا ئاسودە

دەمخـوارد وەك پێشـتر نەبـووم، گەشـتینە ئەسـتەنبوڵ ویسـتم راكـەم، وتـم بەخـوا ئـەوەش جـوان نـی یـەو مەترسیشـی هەیـە هـەر راسـتیەكە باشـە، بانگـی كـردم وتـی پـارە، وتـی كـورە پـارەی چـی یـە بەخـوا نـی یـە، ئێسـتە مـن گیـرم خـواردووە هـەر نازانـم بـۆ كوێـش بچـم، ملـی گرتـم و بردمـی بـۆلای سـایەقەكە، زۆر خۆمـم گونـاح دەهاتـە پێـش چـاو، بچـوك و چڵكـن و قـژ هاتـوو لەبـەردەم سـایەقێكی قەڵـەوی بـەرزو پـاك و پوخـت و غەبغەبەكـەی بەسـەر ریباتەكەیـدا هاتبـوو، لـە سـەرەوە بـۆ خـوارەوە سـەیری كـردم، وەك بڵێـی كـورە ئـەم دامـاوە چـی یـە هێناویانـە بـۆلای مـن، بـە جۆرێـك نازانـم فیـز بـوو یـان بەزەیـی چـاوی برپـوە چـاوم و وتـی بڕۆ خـوات لەگـەڵ. الحمدلله ئـەو رێگەشـم بـڕی و توشـی تاوانیـش نەبـووم.

برادەرەكانیـش كـە منیـان دیتبـوو، لـە نێـوان خۆیانـدا وتبویـان بەخـوا فكرەكـەی ئـەو باشـەو ئێمـەش هەمـان شـێوە دەكەیـن، ئەوانیـش سـەركەوتبوون، لـە نـاو پاسـەكەدا كوردێكـی توركمانـی تێدابـوو یارمەتـی دابـوون و ئاسـانتر لـە مـن گەشـتن ئەوانیـش.

غەریبی وانەی زۆرت فێر دەكات

فێربووم، بزانم هاوڕێی كێ دەكەم و تەزحیە بۆ كێ دەدەم.

فێربـووم، لەوپـەڕی ناخۆشیشـدا سـنورەكانی خـوای گـەورە نەشـكێنم و پشـت بەخـۆی ببەسـتم

فێربـووم، سـەفەر توێشـووی دەوێـت، توێشـووی زۆریـش بـۆ سـەفەری قیامـەت پێویسـتە.

زۆر شتی تر فێربووم.

===

لـه قاوەخانەیەکـی زۆر راقـی بچـوك کەوتمـە سـەر ئیـش لـە ئەسـتەنبوڵ، شـتەکانی زۆر کـەم و پوخـت و راقـی بـوو، ئیشەکانیشـی زیاتـر بـۆ مـاڵان بـوو، وەك کولێـرە بەقیمـە، جـۆرە گۆشـتێك پێیـان دەوت تانـدر، گۆشـتی بـەرخ بـە گتەیـی دەیانکـردە نـاو تەشـتی مسـی زۆر گـەورەو دەیانخسـتە نـاو تەنـور شـەوێك تـا بەیانـی، تامێکـی ئێجـگار خۆشـی هەبـوو، کەبـاب و شـیرینی پاقـلاوەی تایبەتیـش هەبـوو لـە ژوورەوە، کاری مـن قـاپ شـتن بـوو لەگـەڵ تێکردنـی چـای و شـۆربا، زیاتـر بـۆ خۆمـان بـوو وەك لـەوەی بـۆ مشـتەری بێـت، کارەکـەم ئاسـان بـوو وە زۆرکات هیـچ نەبـوو بیکـەم، منیـش قورئانێکـم هێنـاو لـەو کاتانـەدا کـە کارم نەدەبـوو دەمخوێنـد، چەنـد گەنجێـك کـە ئیشـی گەیاندنـی خواردنیـان دەکـرد لەگـەڵ پیاوێکـدا بەنـاوی جـەودەت وەسـتای کولێـرە بـە قیمەکـە بـوو، هەر باس و خواسـتی دونیایـان دەکـردو زیاتر سـەرقاڵی باسـی رابـواردن بوون، منیـش بەردەوام باسـی دیـن و قورئانـم بـۆ دەکـردن، سـودی نەبـوو لەگەڵیـان بـەڵام رێزێکـی زۆر زۆریـان لـێ دەگرتـم، جێگەکـەی مـن لەگـەڵ ئەمانـە پێکـەوە نوسـابوو، شـوێنی کەبـاب و نانخواردنەکـە لـە پێچێکـدا بـوو لـە منـەوە دیـار نەبـوو، وەسـتای کەبابەکـە، هەمـان بـرای وەسـتای کولێـرە بـە قیمەکـە بـوو، پێیـان دەوت حاجـی، بـەڵام ئـەو پێچەوانـەی جـەودەت پیاوێکـی زۆر هێمـن و بـە ویقـار بـوو، رۆژێـك بانگـی کـردم، وتـی تـۆ دەزانیـت قورئـان بخوێنیـت؟ وتـم بەڵـێ، وتـی بـا سەرسـوك بێـت قورئانەکـە بهێنـەو وەرە بـۆلام، عەسـرێکی درەنـگ مشـتەری هیـچ نەبـوو بانگـی کـرد، رۆشـتم بـۆلای، وتـی دەی قورئانەکـە کـوا بیهێنە،منیـش هێنـام هەسـتاوە سـەر پێـی و کورسـیەکی بـۆ هێنـام وتـی دانیشـەو بیخوێنـە بـۆم، وتـم دەنگـم خـۆش نـی یـە! وتـی قەینـا دەمەوێـت گوێـم لـە قورئـان بێـت، ببیسـتم راسـتەوخۆ، منیـش دەسـتم کـرد بـە خوێندنـی قورئانـی پیـرۆز هـەروا بـە

دەنگێکی سادە، بینیم هەردوو دەستی لەناویەك داناوەو خستوویەتیە کۆشیەوەو ملی شۆڕکردبوو، بە جۆرێك بێدەنگ و خەفەتاوی بوو دەتگوت هەر ئەو کاتە کەسێکی نزیکی مردووە، زۆرم بەلاوە سەیر بوو، ئەوەندە کاریگەر بوو بە قورئانەکە، دەمویست بوەستم ئاماژەی دەکرد کە بەردەوام بم، تا خەڵك هات بەسەرداو جەوەکەی تێکدا، وتی هەرکات سەرمان چۆڵ بوو، قورئانەکە بهێنەو وەرە بۆلام، ئیتر بەو شێوە زۆرجار پێکەوە من قورئانم دەخوێندو ئەویش بە هەمان شێوە گوێی دەگرت. ئەو چەندێك سودی لە قورئانەکە وەردەگرت و پێی کاریگەربوو، منیش زۆر سودم لەو وەرگرت بەو شێوەیە بە خشوع و بێ دەنگیەوە گوێ لە قورئانەکە دەگرێت، رێك ئەو ئایەتەم هاتە پێش چاو کە خوای گەورە دەفەرموێت لە سورەتی ئەنفال ئایەتی ٢ (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ)

واتە مسوڵمانی راستەقینە ئەوەیە کە یادی خوای گەورە کرا خورپە بە دڵیدا بێت، وە کە ئایەتەکانی قورئانی بەسەردا خوێنرا ئیمانی زیاد بکات، وە پشت بەخوای گەورە دەبەستن.

عوسمان ئابیش خاوەنی قاوەخانەکە بوو، پیاوێکی زۆر تورەو بە پەلە بوو، هەردەم منی دەبینی هێمن دەبوویەوە، زۆرجار پێویستی بە چا بوو، کە دەهات دەیبینی قورئان دەخوێنم، بە دەست هێمای دەکرد کە بەردەوام بە خۆم چایەکە تێدەکەم.

بەو شێوەیە ماوەیەکی زۆر ژیانم گوزەراند لەگەڵیان و خۆشترین کاتەکانم بوو لە ئەستەنبوڵدا، دوای ئەوەی گەشتمە ئەوروپاو بووم بە خاوەن رەگەزنامەی ئەوروپی، سەفەری تورکیام کرد، رۆشتم بۆ هەمان جێگە وەك وەفایەك و وەك خۆشەویستیەك کە تا ئێستەش لە

دڵمدا ماوە بۆیان، بەڵام زۆر بە داخەوە دیاربوو جێگەکە فرۆشرابوو، کەسانی تری تێدابوون، داواکارم لە خوای گەورە هیدایەتی جەودەت ئابی و هاوڕێکانی دابێت و ژیانی هەموویان پڕبێت لە خۆشگوزەرانی.
فێربووم، نەخوێندەوار بە بچوك سەیر نەکەم، ئەو وانەی وەستایەکی کەباب بە بێدەنگیەکەی فێری کردم زۆرجار مامۆستاکانیشم فێریان نەکردووم.
فێربووم کاتەکانم بە فیرۆ نەدەم و هەردەم بە کەمیان نەزانم.
فێربووم ئەو خۆشەویستیەکی قورئان دەیخاتە دڵەکانەوە جیاوازە لە خۆشەویستیەکانی تر.
===
مانگی رەمەزان بوو سنورداشی تورکیا کراینەوە لە خاکی یۆنانەوەو بە ریسوای و برسێتی و هیچ دەرەتانێك گەشتمەوە ئەستەنبوڵ، چەند شوقەیەك هەبوو کوردی لێ بوون بەردەوام، دەمتوانی هەرچۆن بێت لەوێ جێگەی خۆم بکەمەوە بۆ خەوەکە، بە ترس و لەرزەوە چوون ئەمنیەتی نەبوو، ئەوەندە برسیم بوو نەمدەزانی کە دەبێت چ بکەم و لە کوێوە دەستپێبکەم، ئەم حیزبەی ئێستە لەسەر حوکمە ئەوکات ناویان فەزیلە بوو، یارمەتی هەژارو لێ قەوماویان زۆر دەدا، ئەو کاتەش کە مانگی رەمەزان بوو بە چەندین شێوە بەربانگیان بۆ خەڵکی حازر دەکرد، ٢ جێگەم دۆزینەوە کە خواردنی بەربانگیان دەدا، یەکجار گرنگ بوو بۆ من و پێداویستی خواردنەکەی دابین دەکردم، یەکێکیان بە سەفەری دەیاندا بە خەڵك پێش بانگی ئێوارە، حسابی ئەوەیان کردبوو کەسەکە بیباتەوەو لە ماڵەوە بیخوات یان عائیلەش لێی سودمەند بێت، دانەیەکی تر لە مزگەوتدا بوو بۆ ئەوانەی ئامادەی مزگەوت دەبوون و لەوێ خواردنەکەیان پێشکەش دەکرد،

منیـش زوو دەرۆشـتم بـۆ خواردنـە سـەفەریەکەو دەڕۆشـتمە سـەرەوە بـۆ ئـەوەی زوو بـەرم بکەوێـت، وەرم دەگـرت و دەمخسـتە نـاو فانیلەکـەم و بـە قایشـەکەوە دەوەسـتا نەدەکەوتـە خـوارەوەو قەمسەڵەکەشـم دەدا بەسـەریان، بـە خێرایـی دەرۆشـتم بـۆ ئـەو مزگەوتـەی کـە خواردنـی پێشـکەش دەکـرد، لـەوێ تێـرم دەخـواردو نوێژەکانیشـم دەکـردوو دەگەڕامـەوە، خواردنـە سـەفەریەکەش بـۆ پارشـێو هەڵـم دەگـرت، ئیتـر ئەوەنـدە دڵـم خـۆش و مورتـاح بـوو وام دەزانـی لـە دونیـا کـەس نـی یـە خـۆم نەبێـت، کـە دوو ژەم خواردنـم دەسـت دەکـەوت رۆژانـە، هـەم بەربانـگ و هەمیـش پارشـێو، الحمـدلله م دەکـرد هـەردەم.

رۆژێـك لـە سـەرەی وەرگرتنـی خواردنـی بەربانگـدا بـووم، هێشـتا زۆری مابـوو بـۆ ئـەوەی دەرگاو پەنجـەرەکان بکەنەوە ئـەوەی کـە خواردنەکانیان لێـوە پێشـکەش دەکـرد، منیـش چـاوم دەدا بەڵکـو کوردێـك هەبێـت و بـۆ بەسـەربردنی کات و هەواڵـی رێـگاو ئەوانـە قسـە بکەیـن، هـەر دوو نەفـەر پێشـی خـۆم کورێـك بـوو هەندێـك بـە وردی سـەیرم کـرد دیاربـوو ئەویـش تێبینـی ئـەوەی کردبـوو کـە مـن کـورد بـم، وەلحـاڵ کەوتینـە قسـەو یەکمـان ناسـی، وتـی نـاوم محمـد ە و خەڵکـی سـلێمانیم، ئـەی زۆر باشـە کاکـە محمـد گیـان کۆڵـێ خۆشـحاڵ بـووم، دیاربـوو ئیلتیزامـی دینـی هەیـەو ئەویـش بـۆی دەرکـەوت منیـش هەمـان شـێوە، زیاتـر دڵمـان بەیـەك کرایـەوە، وتـم لـە جێگەیەکـی تـر خـواردن دەدەن، ئـەو دیاربـوو وەك مـن زۆر خـراپ نەبـوو ئیشـی دەکـرد، ئەویـش وتـی ئەگـەر ئیـش هەبێـت دەیکەیـت، وتـم ئـەرێ والله هـەر ئیشـێك بێـت بـە مەرجێـك حـەڵاڵ بێـت دەیکـەم، وتـی نـەك حەڵاڵـە بەڵکـو خێریشـە، وتـم کارەکـە چـی یـە، وتـی رۆژی ١٢ سـەعات کارە بـە ٥ ملیـۆن، هـەردوای ئیشـەکەش یەکسـەر پارەکـەت دەدەنـێ ناهێڵـن ئارەقەکـەت وشـك بێتـەوە، وتـم کـورە

جـا ئـەوە کەرەمـی خوایـە لـەم تورکیایـەدا، چونکـە زۆر کـورد پارەیـان دەخـورا، ئیشـەکەی خواردنـی وشـکە بـوو دەخرایـە نـاو کارتۆنـەوە بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە زەمیـن لـەرزە دایبـوو لێیـان، هـەم حیزبـی فەزیلـە ئـەو کارەی دەکـرد، ئـەم حیزبـەی کـە ئێسـتە پێـی دەوترێـت عەدالـەو تەنمیـەو لـە ترۆپـی دەسـتەڵاتدان، مەوعیدمـان وەرگـرت و سبەی زوو لـەو جێگـەی دەستنیشـانی کردبـوو پێشـتر ئامادەبـووم تـا ئـەوان هاتـن، دۆڵمشـێك بـوو سـەرکەوتین و بەرێکەوتیـن بـۆ ئیـش، بـە دڵسـۆزی و بـێ گوێدانـە هیلاکـی کەوتینـە ئیشـکردن، بەینـاو بەیـن ئیسـراحەتی تێدابـوو بـە حوکمـی ئـەوەی ئیشـمان لەنـاو خواردنـدا دەکـرد زۆر شـتیان دەهێنـا، پسـکیت و مورەبـاو پەنیـرو ئەنواعـی شـت، کاتـی نیـوەڕۆش دەیـان بردیـن بـۆ جێگـەی تایبەتـی خواردنیـان پـێ دەدایـن، خـواردی زۆر بـاش و موسـەقەفانە، هەتـا ئـەو کاتـە مـن فێـری ئـەوە نەبـوو بـووم بـەو شـێوەیە نـان بخـۆم، لەبیـرم ناچێـت لەپێشـدا سـوپیان هێنـا، منـی کرێـکاری داماویـش لـە هەرکـوێ پێشـتر کارم کردبـوو لەفەیەکیـان پـێ دەدام بـە خێرایـی بیخـۆم و بگەڕێمـەوە سـەر کار، چوزانـم ئەمانـە هیـچ پەلەیـان نی یـەو جـۆری خواردنەکەیـان زۆرەو لـە شـێوازی مەتعەمـی زۆر راقیدایـە، زۆرم نـان بـە شـۆرباکەوە خـوارد، وتـم بـا تـەواو تێـر بخـۆم، نەمزانـی ئـەوە سـتارتەرتە، دەری ئـەوەی ئێسـتە پێـی دەڵێـن، مـن بـە سـتارتەر کـوردەواری دەڵـێ تنـەم لـە خـۆم بـڕی، هـەر ئەوەنـدەم زانـی برنـج و دواتر گۆشـت و ئەنواعـی تەعامـی ترهـات، ئێسـتەش هـەر بەلامـەوە سـەیرە نێوانـی هاتنیـان زۆر بـوو، بەهەرحـاڵ مـن تێـر نیسـکم خـوارد، بـەڵام وتـم ئەمـە وانەیەکـی باشـە بـۆ رۆژانـی تـر، ئـەو رۆژەمـان تـەواو کـردوو یەکسـەر پارەکەیـان پێدایـن، ئـەی خـوا گیـان شـوکری تـۆ ئـەوە منـم بـووم بـە خاوەنـی ٥ ملیـۆن، بـۆ زانیاریتـان ئەوکاتـە ٦٠ ملیـۆن ١٠٠ دۆلار

بـوو، لەبیـرم ناچێـت چـوون مەعاناتـم یەکجـار چەشـت پێـوەی، وەجبـەی دوای ئێمـە هـات بـۆ ئیـش، مـن وتـم کاکـە گیـان لەگـەڵ ئـەم وەجبەشـدا دەمێنمـەوە ١٢ سـەعاتی تـر ئیـش دەکـەم، وتیـان نابێـت و ناتوانـی دەکاتـە ٢٤ سـەعات و زۆرە، وتـم خەمتـان نەبێـت، واللە زۆریـش مورتاحـم ئەوەتـا خواردنـی بـاش دەدەن و ئـێ یەکسـەر پارەکـەش دەدەن، ئەمـە دەسـتی کێ دەکەوێـت لـەم غەریبیـەدا، مامـەوە بـە هەمـان شـێوە ئـەو وەجبەشـم تەواوکـرد، رۆژ بوویـەوەو وەجبەکـەی خـۆم و دوێنـی هـەم هاتنـەوەو کاك محمد یشـی تێـدا بـوو، زۆر دڵـم کرایـەوەو وتـم ئـەم جـارەش دەمێنمـەوە، هەرچـی وتیـان شـتی وا نابێـت تـۆ انسـانی تـۆ چیـت، وتـم نـا نـا خەمتـان نەبێـت، بـووم بـە سـاحێبی ١٠ ملیـۆن و لـە شـفتی داهاتووشـدا دەسـتم کـرد بـە ئیـش، ئـەو شـفتەش تـا نیـوە بـە نیـوە گیـان بـردم، دەیانزانـی چیـم بەسـەرهاتووە، کـوردەواری دەڵـێ کافـرم پـێ مسـوڵمان دەبـوو، لـە کوردسـتانیش خەڵـك گلـەی دەکـرد دەیگـوت مـەلا عومـەر لـە ئەسـتەنبوڵە بـۆ خـۆی و هەواڵمـان ناپرسـێت، منـی داماویـش هەواڵـی خۆشـم نەدەزانـی نـەك کـەس، وتیـان کاکـە بخـەوە وەزعـت تـەواو تێـك چـووە، منیـش هـەر خـۆم نەدەشـکاندەوەو دەمگـوت نـا ئاسـاییە، وتیـان کاکـە ئیشـەکەی تـۆش دەکەیـن بـەس یـەك تـۆز بخـەوە، قەناعەتـم هـەر نەکـرد تـا نزیکـی ٤ سـەعاتێك کارمـان مابـوو، سەرسـوك بـوو، ئیتـر هـەر نازانـم چـۆن و لـە کوێـدا کەوتـم و چـۆن خـەوم لێکـەوت، دوای نزیکـی ٢ سـەعاتێك خەبەریـان کردمـەوە، دیتـم کارتۆنـی دونیـا بەسـەرمەوەیە دیـار نەمـاوم تێیـدا، وتیـان واللە تـۆ هـەر خـوا پاراسـتویتی، وتـم بـۆ چـی بـووە؟ وتیـان: پۆلیـس دای بەسـەر ئێـرەدا بـۆ خەڵکانـی قاچـاخ دەگـەڕان و زۆریـان گرتبـوو، هەندێکیـش هەڵهاتبـوو هـەر نەگەڕابوونـەوە، چەنـد دانەیەکیـش گەڕابوونـەوە، ئـەو شفتەشـم تـەواو کـردوو بـووم بـە

خاوەنـی ١٥ ملیـۆن، ئیتـر رۆشـتمەوەو هـەر لـە ڕێگـەی کاك محمـد ەوە کۆمەڵێـك کەسـی تـرم هێنـا بـۆ ئیـش، شـفتێکی تـر ئیشـمان کـرد و وەك جارانـی پێشـوو وتـم هـەم دەمێنمـەوە، وتیـان ئاسـاییە چـوون ئیشـەکە هـەر خـۆی زۆری نەمـاوە، تـا دەوروبـەری نیـوەڕۆ ئیشـمان کـردوو تـەواو بوویـن، ٨ ملیۆنـم وەرگـرت بـۆ ئـەو شـت و نەقریبـەن نیـوە، بـووم بـە ساحێبی ٢٣ ملیـۆن، ئیتـر بـە تـەواوی بوژامـەوەو هـەم دیسـان کەوتمـەوە هەلهەلـەی دەرچـوون بـۆ یۆنـان، گشـت پارەکـەم دابـە کۆڵـە پشـتیەك و هەندێـك معەلەبـات و پێداویسـتی ڕێگـە، ئەوسـا ڕێگـە بـە پـێ بـوو، ڕۆشـتین و گەشـتینە نوقتـەی شـاحینەو گیرایـن و هـەم دیسـان ڕێسـەکەم بووبـەوە بـە خـوری، ئـەوەش بەشـێکی کـەم لـە فلیمـی غەریبـی.

جـا لێـرەدا جێگـەی خۆیەتـی بڵێـم، کەسـانێك بـەم دەردی سـەریە گەشـتنە ئەوروپـاو نەهامەتـی دونیایـان بینـی، کەچـێ دەگەڕانـەوە کوردسـتان وا فیزیـان بەسـەر خەڵکـدا لـێ دەدا دەتگـوت لـە سـەر مانـگ گەڕاونـەوە، لەبیـرم ناچێـت یەکـەم جـارم بـوو گەڕامـەوە کوردسـتان سـاڵی ٢٠٠٤ بـوو، کابرایەکـی ئـەوەی پێـی دەڵێـن خارجـی لـە کوردسـتاندا هـات بـۆ ماڵمـان لەگـەڵ کەسـێکدا، هـەر کـە دانیشـت ئـەوەی کـە لـە گەڵیـدا بـوو ٢ سـەرینی خسـتە ژێـری، چـوون ئێمـە قەنەفەمـان نەبـوو، کابـرا ملوانکەیەکـی لـە ملـدا بـوو، هەندێـك دەزوو نازانـم ترۆتشـقەڵەی تریشـی پێـوە بـوو، دواتـر وتـم ئەمـە کـێ بـوو، وتیـان ئـەوە خارجیـە لـە خـارج گەڕاوەتـەوە، لـە بەریتانیایـە بەریتانیـا، دواتـر گەڕامـەوە بەریتانیـا پرسـیاری ئیـش و کارو هونـەری ئـەو کابـرام کـرد، وتیـان لـە مەعمەلـی مریشـکدا ئیـش دەکات، مەعمەلـی مریشـکیش ئیتـر نازانـم بڵێـم چـی یـە هـەر بۆنەکـەی بەسـە بـۆ ئـەوەی لەسـەری نـەڕۆم.

ئـەوەش هـەر جێگـەی وتنـە، لـە کوردسـتاندا زۆرکـەس کـە دەزانێـت کـە

خارجیـت ئیتـر بـه چاوێکـی دوژمنکارانـه، یـان بەغیلـی و زۆر شـێوازی جـۆراو جـۆر تێـت دەڕوانـن، کابرایـەك پێـی وتـم کـە دەچیتـە دائیـرە بـا نەزانـن لـە خـارج بوویـت، پێیـان ناخۆشـە، وتم دەی باشـە بڵێم سـنورداش کراومەتـەوە ئیشـەکەم رادەپەڕێنـن، وتـی بەخـوا باشـترە!
چەنـد خۆشـە انسـان لـە قاڵبـی انسـانی خۆیـدا بێـت، چـوون تەسـەروفی وا هەیـە حەیوانانەیـە، بۆیـە لـە قورئانیشـدا نمونـەی ئـەو جـۆرە انسـانانە بـە حەیـوان ناوبـراوە، ئـەوە بـێ ڕێـزی نـی یـە بـە انسـان، ئـەوە انسـان خۆیەتـی خـۆی وا سـوك دەکات تـا سیفەتەکەی حەیوانـی بێـت.
ماوەتـەوە ئـەوە بڵێـم، زۆر گرنگـە ئینسـان خـۆی لەگـەڵ خـوای گـەورەدا سـاغ بکاتـەوەو هـەردەم ئومێـدی بـەو هەبێـت و شـوکر بێـت لەسـەر نـازو نیعمەتەکانـی کـە یەکجـار زۆرن، الله لـەو ئایەتـەی کـە دەفەرموێـت لـە سـورەتی النحـل ئایەتـی ١٨ (وَإِن تَعُـدُّوا نِعْمَـةَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَـا)
واتـە ئەگـەر بتەوێـت نیعمەتەکانـی خـوای گـەورە بژێریـت، لـە ژمـارەدا نایـەت، وە بەرهەمـی ئـەو ئایەتـە عەزیمـەش کـە لـە سـورەتی العنکبـوت ئایەتـی ٦٩دا هاتـووە بـە چـاوی خـۆم دیومـە کـە خـوا گیـان دەفەرموێـت (وَالَّذِيـنَ جَاهَـدُوا فِينَـا لَنَهْدِيَنَّهُـمْ سُـبُلَنَا) هـەردەم سـوپاس گوزاربـە، خوایـەك هەیـە شایستەی ئەوەیـە سوپاسگوزاری بیـت، لـە هـەر دۆخێکی ژیاندایـت، ئەگـەر سوپاسـگوزاری نەبێـت، ئـەوە کێشـەکە لـە خـودی خۆماندایـە کـە خـودا وەك خـۆی ناناسـین، چـوون هەرکـەس وەك خـۆی بیناسـێت رقـی لـێ نابێتـەوە.
ئاخر خـوا گیـان هـی ئـەوە نـی یـە، تـۆ دانیشـیت و رقەبەرایەتـی بکەیـت، دەبێـت زۆر بـە ئـەدەب و دەسـتنوێژەوە قسـەی لەگەڵـدا بکەیـت، دڵـت لەگـەڵ وشـەکاندا تێکـەڵ بێـت بەرانبـەری.

===

چیرۆکی نیسکێنەکان
سنورداشـی تورکیـا کرایـنـەوە لـە یۆنـان و گەشـتینەوە ئەسـتەنبوڵ، لەگەڵ چەنـد کەسێکدا بوویـن بـە هـاوڕێ و جێگـەی خەومـان هەرچـۆن بێـت کـردەوە، ئیشـمان دەسـت نەدەکـەوت و پـارەی ئەوەشـمان پـێ نەبـوو خـواردن بکڕێـن، کوڕێکـی کەرکوکـی بـوو بـە هاوڕێـم، ئەویـش هاوڕێیەکـی هەبـوو لـە چێشـتخانەیەك ئیشـی دەکـرد، ڕێکەوتبـوون هەمـوو شـەوێك دوای ئـەوەی چێشـتخانەکە کاتـی کارکردنیـان تـەواو دەبێـت و پێـش ئـەوەی دایبخـەن ئـەو نیسـکەی دەمێنێتـەوە بیکاتـە نـاو سـەتڵێك و بیـدات بـە ئێمـەو نەیـڕژن، ئێمـەش دوو قۆڵـی بـە دەمـە تەقـە بەرێدەکەوتیـن بـۆ هێنانـی سـەتڵە نیسـکێنەکە بـۆ شـوقەکە بـۆ خۆمـان و هاوڕێکانمـان، هەمـوو شـەوێك ماوەیـەك ئـەوە ئیشـمان بـوو، ئەوەنـدە خـۆش بـوو کـە دادەنیشـتین و ئـەو نیسـکێنەمان دەخـوارد، هـەر کـە سـەتڵە نیسـکێنەکەمان وەردەگـرت وامـان دەزانـی ئیقامـەی سیاسـی وڵاتێکـی ئەوروپیمـان وەرگرتـووە، چـوون هـەر بـە ڕاسـتی برسـیمان بـوو، شـتێکی ئـەو کـوڕەم لەبیـر ناچێـت، زۆرجـار کارتـی تەلەفۆنـی دەبینـی لەسـەر جـادەکان هەڵـی دەگرتـەوە، منیـش دەمگـوت ئەمـەت بـۆ چـی یـە، دەیگـوت تەلەفۆنـی بـۆ پـێ دەکـەم تێیدایـە ١ وەحـدە یـان ٢ وەحـدەی تێـدا مـاوە، منیـش دەمگـوت جـا ئـەو ١ یـان ٢ وەحـدە بەشـی قسـەکردن نـاکات، هـەر ئەوەنـدە وتـی بەڵـێ یەکسـەر تـەواو دەبێـت! زۆرجـار بـە دیاریـەوە دەوەسـتام دانـە دانـە لـە قلوبـەکان تاقـی دەکـردەوە، هەبـوو هـەر نەیدەکـرد هیچـی تێـدا نەبـوو، زۆرجـار هەبـوو دیـار بـوو تێیـدا بـوو هـەر ئەوەنـدە دەیگـوت، مـن ئومێـدم لەگەڵتـم ئیتـر تـەواو دەبـڕا. وتـم کاك ئومێـد ئەمـە مانـای چـی یـە؟ نەیدەگـوت، منیـش لـە ماناکـەی تێنەدەگەشـتم، دەشـمگوت جـا هـەر باشـە لـە کەرکـوك لای

ئێوە تەلەفۆنێکی ماڵی هەیەو تۆ بەم شێوە بتوانیت دەنگی خۆتیان پێ بگەیەنیت، خۆ ئێمەی داماو لە گوندێکە ماڵمان بە گشت بناری بەمۆوە یەك تەلەفۆنی ماڵی تێدا نی یە، ئەوسا هێشتا موبایل نەهاتبوو، رۆژێك دیاربوو یەكێك لە کارتەکان تۆزێك وەحدەی زیاتری تێدابوو بەشی ئەوەی کرد چەند کەلیمەیەك قسە بکات، بەڵام خۆزگە ئەو کارتەش بەشی ئەوەی تێدا نەبوایە، تەلەفۆنەکەی داخست و دەستیکرد بە هات و هاوار و گریان و بێتاقەتی، منیش هەرچیم دەکرد ژێر نەدەبوویەوە، هێشتا لە رێگەبووین بۆ نیسکەکە، دوای ماوەیەك ژێر بوویەوەو وتی ئەو کچەی حەزم لێکردووە مارەیان بڕیوە، تەلەفۆنەکانی پێشووش کە دەمکرد دەمگوت لەگەڵتم بۆ ئەوەبوو بزانێت من هێشتا لەبیرمە، حاڵی زۆر خراپ بوو، وتی تۆ مەلایت مَخطوبة واتای چی یە؟ ئەو هەر ئەوەندەی وت، منیش دەمزانی هەرچۆن بێت نایەوێت بڕوابکات و بۆ گومانێکیش بێت هەر دڵی پێ خۆش دەکات، منیش وتی کاکە گیان مخطوبة واتە داواکراوە، مەرج نی یە مارەبڕابێت، تۆزێك گەشبوویەوەو وتی مامۆستا بەراست، وتم بەڵێ قوربان هەروایە، بەیناو بەین هەر دووبارەی دەکردەوە، منیش هەندێك بۆم شەرح دەکرد بەڵێ بەڵێ بێ خەمبە هەروایەو ئێ خۆ کچ خەڵك هەر داوا دەکرێت، ناکرێت یەکێ داوای بکات و تۆ لێرە تەعزیە دابنێیت، زۆریش بەزەیم پێدا دەهاتەوە، بەیناو بەین هەر دووبارەی دەکردەوەو دیاربوو ئاگای لە خۆی نەبوو لەپڕ دەیگوتەوە، منیش زیاتر تەئکیدم دەکردەوە تا نیگەران نەبێت، ئیتر بە رەحەتی نیسکێنەکەمان خوارد. دوای چەند رۆژێك کەمە کەمە وتم لەوانەیە دیاریشیان کردبێت، وتم با ئامادەیی ئەوە ببێت ئەگەر فعلەن شوی کردبوو نەبێت سەدمە بۆی و رابێت لەگەڵی.

جارێکیش سنورداشی کوردستان کراینەوە لە تورکیاوە، لە دهۆك شەوێك ماینەوە، بەحاڵێکی زۆر خراپەوەو جێگەیەکی زۆر خراپ، وەك بڵێی جێگەکە تایبەت نەبێت بە زیندان و مورەتەب نەبوو، پێم وابێت هەر مەخزەنێك بوو، بەهەرحاڵ شەومان کردەوەو دەیانگوت دەبێت ئیلا پارەی پاس کۆبکەنەوە تا هەولێر، ئێمەش هەبوو پێی بوو بەڵام زۆربەی پێی نەبوو، وتم کاکە گیان تورکیا لە وانەوە بە پاس تا ئیبراهیم خەلیل هێناوینی بەبێ پارە ئەوەی پێی نەبووە، ئەوان کە تورکن ئێ ئێوە کوردن بۆ باوەڕمان پێ ناکەن، ئیتر چاریان نەما بەو بڕە پارەی کە کۆکرایەوە قەناعەتیان کردو وتیان سەرە بگرن بۆ ناو پاسەکە، یەکێ ٢ سەمونیان پێ داین کە بۆ ناو پاسەکە دەڕۆشتین، جا لەگەڵ ئەوەی ٢ سەمونەکەیان پێ دەداین دەیانگوت دوعا بکەن بۆ شەهیدەکان، منیش گوتم قوربان گیان بە سەمونی وشك دوعا ناکرێت.

شەوێك لە ئاسایشی گشتی ماینەوەو بۆ بەیانیەکەی نیسکێنەیان بۆ هێناین، ئەوەندە برسیمان بوو بوو، نیسکەکەم خوارد وامدەزانی بە رەسمی لە مەتارەوە هاتوومەتەوە ئەوەندە دڵم خۆش بوو.

ئەوەشی لەبیرم ناچێتەوە دراینە ئاسایشی کەرکوك، لە سەربانێك هەمووومانیان دانیشاند ڕێك وەك دیل خۆمانم دەهاتە پێش چاو، کابرایەك هاتە سەرەوەو هەردوو دەستی کردبوویە ناو یەکداو بە لوتبەرزیەکی زۆرەوە چاوی دەگێڕا بەناوماندا و لە راستەوە بۆ چەپ دەڕۆشت، لە ناکاو دەستی بۆ کەسێك درێژ دەکردو دەیگوت تۆ چەندەمین جارە سنورداش بکرێیتەوە، بە گشتی هەمووی هەر دەیگوت یەکەم جارمە، دواتر وتی کێ هەر حیزبێکی ترە جگە لە پارتی؟! کەس قسەی نەکرد! منیش دەستم بەرزکردەوەو وتم من

پارتـی نیـم! کابـرا وشـك بـوو چـاوی بڕیـوە ناوچـاوم بـە قینـەوە! منیـش دەسـتم هـەر بـە بەرزکراوەیـی ڕاگرتبـوو، دوای تۆزێـك وتی باشـە دەسـتت داگـرە دەسـتت داگـرە، دەبـوو کەسـێك ببێتـە کەفیـل تـا بەرببیـت، مـن کەفیلـم ئێجـگار زۆربـوو، خزممـان زۆر بـوو لەنـاو پارتـی لـە هەولێـر بـە تایبـەت ئـەو کاتـە ئـەو کاتـە بـوو کـە پارتیـەکان لـە سـنوری یەکیەتـی هەڵهاتبـوون بـۆ هەولێـر، ئـەو شـەوە هـەر لـە سجن هێڵامیانـەوە دیاربـوو وەك عقوبـەی ئـەو قسـە بـوو، یەکێ لـە خزمەکانـم وتـی بـرا گیـان بەخـوا لای پارتـی هـەر حیزبێکـی تـر بیـت هـەر حسـابی جەلالیـت بـۆ دەکات، منیـش وتـم دەی بـرا گیـان خـۆ ئێمـە لـە شـەڕدا نەگیراویـن ئـەوە کـەی پرسـیارە ئێمـەی دامـاو سنورداش کراوینەتـەوە برسـیمانەو، کـورە ئێسـتە هـەر لەبیـری ئەوەشـداین بـە چ ڕوویکـەوە بـۆ مـاڵ بڕۆینـەوە.
پێـش چەنـد سـاڵێك لـە سـەفەرێکدا گەشـتمە لەنـدەن، برایـەك کـە هـەر لـە ڕێگـەی فەیسـبوکەوە دیاربـوو زۆر موتابەعـەی کردبـوو، لێـم ئـاڵا وتـی دەبێـت هـەر بتـان بینـم، لای مـن زۆر ئەزیـەت بـوو، چـوون سـەفەری تـرم زۆر هەبـوو، بـەڵام ئـەو زۆر بـە جـدی و یەکجـار پێداگـری دەکـردو دەیگوت لـە هـەر جێگەیـەك بیـت خـۆم بـە تەکسـی دێمـە شـوێنتا، منیـش وتـم مـادام وەعـدم دا ئەزیەتـت نـادەم لـە هەرکـوێ بیـت خـۆم دێـم بـۆلات، پێویسـت نـاکات تەکسـی، تەکسـی بەسـەر ئـەرزدا دێـت و قەرەباڵغـە مـن لـە ژێـر ئـەرزەوە دێـم بـۆلات، بـە میتـرۆکان، دوای تەواوکردنـی گەشـتەکەم لـە بەریتانیـاو پێـش سـەفەر بـۆ وڵاتـی تـر یەکمـان دی و ڕۆشـتمە ماڵیـان و میواندارێکـی بـێ وێنەیـان کـردم کـە هەرگیـز لەبیـرم ناچێـت چ خانەوادەیەکـی بەڕێـز بـوون، بـۆم دەرکـەوت لـە برایانـی بزووتنـەوەی ئیسـلامیە، هـەروا باسـی بارودۆخـی سـەحوەی ئیسـلامی هاتـە نـاوەوەو باسـی ڕابـردوو تـا ئێسـتە، وتـی وەزعـی بزووتنـەوە چۆنـە

تۆ لە کوردستان دەژیت؟ منیش وتم واللە بڵێم چی، ماوەیەك پێش ئێستە هەروەك چۆن تۆ ئێستە داوات کرد یەك ببینین برایەکی ترم دی، ئەو ئیشی مەڵبەندی بزووتنەوەی هەبوو وتی با پێکەوە بچین، منیش وتم زۆر ئاساییە، رۆشتین و لەوێ دەمەتەقەیەکمان کردوو نیسکێنەیەکمان خوارد، هەر وتم نیسێکێنە دەستی کرد بە پێکەنینێکی زۆر، دیاربوو یادگاری زۆری لەگەڵدا هەبوو، وتم چی یە؟ بۆ وا پێدەکەنی، وتی بەو خوا بزووتنەوە بشرۆنە ئەمەریکا واز لەم نیسکێنە ناهێنن، منیش کردم بە سوعبەت وتم جا با باشیش بزانیت نیسکێنەکە هیچ هونەرێکی تێدا بەکار نەهاتبوو، هەر زۆر سادەو ئاسایی، وابزانم پیازیشی تێدا نەبوو، جا نازانم ئێمە کە نیسکێنەش دەکەین بۆ وەك تورکەکان نایکەین کە دەست و دەمی پێوە دەخورێت.

تێگەشتم گەر نەمتوانی دڵی کەسێك بەچاکی رازی بکەم، داوای کاری دڵی لێ نەکەم، وەك ئەزیەت و برسێتیەکەو داوای دوعای خێرکردن!

فێربووم کە چارەنووسی خۆم نادیارنەبوو کەسێکی تریش بێ چارەنەکەم، وەك کاك ئومێدو دڵدارەکەی.

فێربووم ئەو خۆشەویستیەی دین دروستی دەکات زۆر جیاوازەی لە خۆشەویستیەکانی تر، وەك ماڵ براکەی لەندەن.

تێگەشتم نیسکێنە خواردنی هەژارەکانە بەڵام دەکرێت شێوازی لێنانەکەی بگۆڕیت بەشێوەیەك لە خواردنی دەوڵەمەندەکان بچێت.

دەکرێت تۆی خوێنەریش وانەی زیاتر لە ئەزمونەکان وەرگریت.

===

غەریبی ئەحساسێکە زۆرجار شیکردنەوەو تێگەیاندنی بەرانبەر ئەوەندە ئەستەمە بێ دەنگی لە ئاستیدا باشترە، لە لۆمەو هەڵە تێگەشتن گەڕێ، تۆ نەتوانی خۆت رازی بکەیت ئەو هەمووە خەڵکەت

لەکـوێ بـۆ رازی دەکرێـت.
نـەوەدەکان بـووماڵمـان لـە لادێ بـوو، باوکـم خاوەنـی مەڕومـاڵات بـوو، پیاوێـك رێگـەی کەوتـە لادێکەمـان و بـەدوای شـوانیدا دەگـەڕا!
ئێمـەش لـەو کاتـەدا شـوانمان پێویسـت بـوو، بـە خۆشـحاڵیەوە پێشـوازیمان لێکـرد، ئەویـش دڵخـۆش بـوو کـە هـەر دەسـتبەجێ ئیشـی دەسـت کـەوت، شـەو میوانیەکـی زۆرمـان هـات و دەمەتەقەیەکـی خـۆش دروسـت بـوو، کابـراش زۆر دڵخـۆش دیاربـوو کـە رێگـەی لـە شـوێنێکی بـاش کەوتـووە.
عادەتـی باوکـم وەهابـوو زوو هەڵدەسـتاو حەیوانەکانـی دەبـرد بـۆ لـەوەڕ نزیکـی مـاڵ تـا شـوانەکە زیاتـر بخەوێـت و دواتـر کـە هەسـتا بـە ئیسـراحەت نـان و چـا بخـوات ئەوسـا بچێـت، کابـرا هەسـتاو نـان و چـای خـواردو منیـش لەگەڵـی رۆشـتم تـا باوکمـی نیشـان بـدەم چـوون یەکـەم رۆژ بـوو نـە شـارەزا بـوو، هـەر لـە مـاڵ دەرچوویـن کابـرا بـە بێدەنگـی ملی رێگـەی گـرت و بـە جادەکـەدا رۆشـت بـەرەو گـەراج، منیـش وتـم خاڵـۆ گیـان لێـرەوە لێـرەوە! هیـچ گوێـی بـە مـن نـەداو هەتـا لاشـی نەکـردەوەو رۆشـت، منیـش واقـم ورمـا بـۆ ماوەیـەك بـە حەپەسـاوی سـەیرم دەکـرد کـە بـە راسـتی دەرواو هـەروا ورده ورده دوور دەکەوێتـەوە! دیاربـوو لـە دوورەوە باوکیشـم مولاحـەزەی کردبـوو، رۆشـتم بـۆ لای باوکـم و وتـم بـاو کابـرا رۆشـت هـا دەبینـی گەشـتە لای تەنکـی ئاوەکـە، چاوەڕێـم کـرد زۆر تـورە بێـت لێـی! وتـی لێـی گـەڕێ قەینـا، دەسـتی کـرد بـە باخەڵیـاو هەندێـك پـارەی پێـدام و وتـی راکـە بیگەیەنـە پێـی نـەوەك بـێ پـارە بێـت.
منیـش زۆر بـە خێرایـی گەشـتم پێـی و پارەکـەم پێـدا، وەریگـرت و هیـچ قسـەی نەکـرد.
بیـرم دەکـردەوە باوکـم خـۆی بچێـت و رێگـەی بگرێـت و خـراپ تەریقـی

بکاتـەوە.
بـەڵام بـەو هەڵوێسـتەی هـەم وانەیەکـی گـەورەی فێـری مـن کـرد، هـەم گومانـم نیـە ئـەو کابـراش وانەیـەك فێربـووە، هـەم ئەجرێکـی گـەورە بـۆ باوکـم نوسـراوە.
ئێمـەی خوێندەواریـش ئەمـڕۆ زۆر جـار لەسـەر شـتێکی سـادە کۆمێنـت بە دوای کۆمێنتـا دەچینـە خـوارەوەو لـە کۆتایـدا نـە هیـچ لایـەك قەناعـەت دەکات و رق ئەسـتوریش دەبیـن بەرانبـەر یەکتـر.
چەنـد پێویسـتمان بـە حیلـم و لێبوردەیـی هەیـە زیاتـر لـە زانسـت، ئاخـر زانسـتی ئەمـڕۆ زۆرجـار جورئەتـی دەمدرێـژی و لـە خـۆ دەرچوونـت پـێ دەدات گـەر وریـا نەبیـت.
بەلامـەوە سـەیر بـوو بـۆ باسـی ماسـتەرو دکتۆراکەشـم سەرپەرشـتیاری بەحسـەکە دەیگـوت دەبێـت نەقـد لـە زاناکانیـش بگریـت و رەئـی خـۆت لـە کۆتایـدا سـەرخەیت کـە تـۆ شـتێکت پێیـە پێچەوانـەی ئـەوان و تێگەشـتنی تـۆ بـۆ ئـەو باسـە قوڵتـرەو ئـەوان پەیـان پـێ نەبـردووە، هەربۆیـە هەندێـك کـەس زۆر زیاتـر پێـی خۆیـان لـە بـەڕە درێـژ دەکـەن و نەقـد هەتـا لـە خـوای گـەورەو پێغەمبەرەکـەش دەگـرن، دەکـرا ئەنجامـی ئـەو هەمـوو کـێ بەرکێیـەش هـەر بـە بێدەنگـی چارەسـەر بکرێـت نـەك هەڵیـت و پڵیـت! ببـورن نـەك زۆر بڵێـی.
رەحمـەت لـە پێغەمبەرەکەمـان کـە فەرموویەتی(هەرکـەس بـاوەڕی بەخـواو رۆژی دوایـی هەیـە یـان چاکـە بڵـێ یـان بێدەنـگ بێـت(.

===

سنورداشـی تورکیـا کراینـەوە لـە یۆنانـەوە، دواتـر ناردینیانـەوە بـۆ ئەسـتەنبوڵ، ئەوکاتـە دەنگوباسـی ئـەوە هەبـوو کـە لـە گەراجـی ئەسـتەنبوڵدا پۆلیسـی زۆری لێیـە، کـە گیرایشـی لـەوێ سنورداشـی

کوردستان دەکرایتەوە، ئێمەش چوار کەس ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی بە خێرایی تەکسی بگرین کە پارەشمان پێ نەبوو، بەڵام ناچاری و ترسی گیران و ڕەنج بە باداچوونێکی زۆر، هەروامان کرد تەکسیمان گرت و دواتر رامانکرد، ئێمە لە بنەڕەتدا خراپەکار نەبووین و تەماحی پارەی تەکسیەکەمان نەبوو، بەڵکو هەر بە راستی ئەو پارەیەمان پێ نەبوو، زۆریش ناخۆشە حەقی کەسێکت بکەویتە لاو نەتوانیت بیدەیتەوە، کابرا چەند دڵی بەوە سوتابێت کە پارەی وەرنەگرت، من زیاتر دڵم سوتا کە پارەمان پێ نەدا، ئەم دڵ سوتانە عەزابی دونیاییە، دەبێت عەزابی قیامەتی چۆن بێت!

===

هەر لەسەرەتای ڕۆشتنمان بۆ سەر ئاوی یۆنان لە تورکیاوە، ئافرەتێك پێی هەڵپلاو کەوت، پێویستی بە یارمەتی هەبوو کە دووکەس بچێتە ژێرباڵی و رایکێشێت، خەڵکی منی بە مەلا بانگ دەکرد، ئەویش هاتە تەنیشتمەوەو وتی توخوا مامۆستا گیان دەستم لێ بەرمەدە، ئای کە دڵم بۆی سوتا، تەزویەك بە گیانمدا هات کە چۆن بتوانم ئەو ئامانەتە خواییە بپارێزم، سیقەیەك بەهۆی ناوەکەمەوە بۆی دروست بوو یەکسەر، وەك خوشك و دایکی خۆم یارمەتیمدا، لە ڕێگە قاچاخچیەکە تەماحی تێکرد، من ئەوکات زۆر هەستم بەو شتانە نەدەکرد چوون هێشتا دونیای چاوی تەماحم نەدیبوو، زوو زوو دەیدا بە گوێمدا کە لێی دوورنەکەومەوە، منیش دەمگوت خەمت نەبێت و هەروا دەکەم، کە بە سەلامەتی گەیاندمانە دەستی مێردەکەی لە یۆنان، وامزانی شاخێك لەسەر شانم هاتووەتە خوار، چەند گرنگە بەردەوام ئاگامان لە خۆمان بێت، جگە لە خواو دەستەڵاتەکەش خەڵکی تریش دەمانبینن.

زۆرکـەس لـە غەریبیـدا فێـری بـێ شـەرمی بـووە، لـەوەش خراپتـر خراپەکانیشـی بـەدەم دوکەڵـی نێرگەلـەوە بەلایـف خـۆی بڵاوی دەکاتەوە، چەنـد گرنگـە پارێـزگاری لـەو ئەمانەتـە بکەیـن کـە بەسـەر شـانمانەوە.
===
لـە ڕێگـەی یۆنـان زۆر برسـیما بـوو هیچمـان پـێ نەمابـوو بـۆ خـواردن، بێسـتانێك کـە کاتـی نەمابـوو بەهـۆی زسـتانەوە ڕۆشـتینە نـاوی، لەبیـرم ناچێـت هاوڕێیەکم وتـی واللەی ٩ تەماتەم خوارد ئەوسـا زانیـم تەماتەیە، ئەوەنـدە هەسـتمان نەمابـوو، چـوون تەماتەکـەش هـەم کاڵ بـوو، هەمیش قـوڕی پێوەبـوو، چـوون شـەو بـوو بەهـۆی تاریکـی و تـرس و برسـێتیەوە دەرفەتـی شـتن و هەتـا بیرکردنـەوەش نەبـوو، کەچـی هـەم ئەم ئینسـانانە دەبینـی دواتـر زوو لـە خـۆی دەگۆڕێـت، نیعمەتەکانـی خـوای لا بچـوك دەبێتـەوە، خـۆی لا گـەورە دەبێـت! سەیرە...بەراسـتی سـەیرە...
===
جوانیەکانـی ژیـان ئێجـگار زۆرن، ئێمـە تەنها کێشـەکانی دەبینین، کەسێك دانێکـی دێشـێت لـە ٣٢ ددان، تەنهـا بـاس لـەو دانـە دەکات کـە دێشـێت، ناڵـێ سـوپاس بـۆ خـوا ٣١ دانـی تـری سـاغم هەیـە، ئاڵەماتێـك دەگرێـت ژیانـی لـێ دەبێـت بـە دۆزەخ، هەتـا گـەر شـێرپەنجەش بگرێـت دەبێـت جوانیەکانـی دوای ئـەم ژیانـە ببینێـت، ئاخـر ئـەوە چ بەسـەرکردنەوەیەکە خـودا بـە هەمـوو کەسـی نابەخشـێت، ئـەی ئـەوە گرنـگ نـی یـە بزانیـت مردنـت ئێجـگار زۆر نزیکـە، ئـەی ئەگـەر لـە ناکاوێکدا بمریـت و خـۆت بـۆ دوای مـردن حـازر نەکردبێـت، ئـەوە بەدبەختـی تـەواوە، نـەك ئـەم ژیانـە کاتیـە.
غەریبـی دەبێـت ئـەوەت پـێ ببەخشـێت کـە هـەر خـودی ژیانەکـەش غەریبـی و کاتیـە، ڕۆژێـك دێـت بەجێـی دەهێڵیـن، ژیانـی حەقیقـی لـە

دوای مردنـه، بەقوربانـی قورئـان بـم کـە چەنـد جـوان وێنـای کـردووەو دەفەرموێـت: (وَمَـا هَٰـذِهِ الْحَيَـاةُ الدُّنْيَـا إِلَّا لَهْـوٌ وَلَعِـبٌ ۚ وَإِنَّ الـدَّارَ الْآخِـرَةَ لَهِـيَ الْحَيَـوَانُ ۚ لَـوْ كَانُـوا يَعْلَمُـونَ ) سـورەتی العنكبـوت ٦٤

===

ئێمـە کێشـەمان لەگـەڵ خـودی خۆمـان هەیـە پێـش کۆمەڵگـە، نابینـی ڕۆژانـە چەندیـن جـار لەگـەڵ خۆمانـدا بەشـەڕ دێیـن، جـا کاتێـك بـە خۆمـان نەوێـرا، ئەوسـا بەردەبینـە کۆمەڵگـە، هەشـە لەگـەڵ خانـەوادەو منداڵەکانیـدا بەشـەر دێـت و دواتـر ئەویـش دەگوازریتـەوە بـۆ کۆمەڵگـە. چ عەجـەب ئـەوەی لـەو نێوەنـدەدا شـەڕی پـێ دەفرۆشـرێت نازانێـت لـە پشـت شـەڕەکانەوە چ دەگوزەرێـت.

===

ئاهوناسـۆرەی غەریبـی کەمتـر نـی یـە لـەو دایکـە جەرگسـوتاوەی هەردەم گـڕی ناخـی لـە رووخـەت و فرمێسـکەکانیدا بـەدەر دەکەوێت.

===

ئێمـە توێـژەری کۆمەڵایەتیمـان نـی یـە تـا تویژینـەوەی واقعبیانـە لەسـەر دۆخـەکان بـکات، ئاخـر نـان هێشـتا بەسـەر هەسـت و سـۆزدا زاڵـە، بەلاتانـەوە سـەیر نەبێـت هەتا خـودی توێژەر لەبـەر نانەکـە توێژینەوەکەی لاربکاتـەوە بـەو ڕێگـەدا کـە لـە ناخیـدا بـاوەڕێ پێـی نـی یـە.

===

دەبینـی کەسـێك دەگـری و هەنسـکی دەوروبـەری گرتۆتـەوە، کە پرسـیاری لـێ دەکەیـت؟ دەڵـێ هیـچ نـی یـە! ئاخـر نازانیـن بـە کامیـان بـاوەڕ بکەیـن.

===

دەبێـت چ هۆکارێکـی گـەورە لـە پشـت غەریبیـەوە بێـت، کـە تـۆ هەرچیـت هەیـە پشـتی تێبکەیـت و لـە کۆمەڵگەیەکـدا خـۆت ببینیتـەوە

هەتا نەتوانی حاڵی خۆتیان بۆ بەیان بکەیت، بەڵام خۆشبەختانە لە دونیای دەرەوەدا بەبێ قسەکردن حاڵەکەت تێدەگەن، چ عەجەب ئێمە خۆمان لە خۆمان تێناگەین کەچی ئەوان لێمان تێدەگەن.

===

چەند سەختە زوو ئامانجەکانت لەبیر بچێتەوە، غەریبی بچێژیت و لە هەمان غەفڵەت و بازنەی پێشووشدا بخولێیتەوە.

===

گەر غەریبی ئەوەت پێ نەبەخشێت کە لێت سەندرابوویەوە، ئەوا خۆڵکردنە چاوی خۆتە یاریەك لەگەڵ خۆت بکەیت دواتر دۆڕاوەکەی هەر خودی خۆتی، بەڵی خودی خۆت، تەنها و تەنها خود خۆت، خۆت، خۆتم وت خۆت.

===

سەردانی برایەکم کرد لە یەکێك لە وڵاتە ئەوروپیەکان، دیاربوو لەو نزیکانەدا رۆشتبوو بۆ حەفلەیەکی یەکێك لەو گۆرانی بێژانەی کە حەفلە ساز دەکەن و خەڵکی دەچن بۆ هەڵپەڕکێ و کات بەسەربردن، وتی رۆشتووم بۆ حەفلەیەکی واو زۆر خۆش بووا منیش هیچم نەگوت هەر وتم بەڵێ، دوای ماوەیەك وتی حەفلەکە باش بووا منیش وتم بەڵێ، هەروا زوو زوو باسی حەفلەکەی دەکردەوە، وەك وابێت حەزی دەکرد منیش قسەی لەسەر بکەم، لە کۆتایدا وتم هەر بەراست تۆ رۆشتوویت بۆ ئەو جۆرە حەفلانە؟! وە هۆکارەکەی چی بوو؟ زۆر بەراستگۆی و بە ئەدەبێکەوە وتی کورە مامۆستا توخوا ئەگەر مەسەلەی بێتاقەتی و غوربەت نەبێت ئەو جێگانە کەی جێگەیەکە من بچم بۆی! وتم ئەمە راستیەکەیەتی.

کە فەراغی رۆحی دروست دەبێت ئینسان پەنا بۆ هەرجێگەیەك

دەبـات بـۆ بەتـاڵ کردنـەوەی، باشـترین جێگـە بـۆ پڕکردنـەوەی فەراغـە ڕۆحیـەکان مزگەوتەکانـن، خـۆ گـەر مزگەوتیـش نەبێـت یـان زۆر دووربێـت، دەتوانیـت گۆشـەیەکی ماڵەکـەی خـۆت بکەیـت بـە مزگـەوت، وێنەیەکـی قیبلـەی پێـدا داکوتـەو بەرماڵێـك دابخـە، ئیتـر مزگـەوت هـەی مزگـەوت، بـا جێگەکـە بچوکیـش بێـت بـە عیبـادەت و پارانـەوە گـەورەی بکـە.

===

لـە وانـەی ئابـوری لـە زانکـۆدا لەبیرمـە مامۆسـتا نمونەیەکـی بۆ باسـکردین کـە کەسـێك بەنـاوی حـی بـن یقظـان کەوتووەتـە جەنگەڵێکـەوەو توانیویەتـی بـە تەنهـا لـەو جەنگەڵـەدا خـۆی بژێنێـت، لـەو داروبـەردو قوڕە جێگـە بـۆ خـۆی دروسـتبکات و بژێـوی بەدەسـتبهێنێت، لـە کاتێـکدا هیـچ هاوکاریەکـی نەبـووە، جگـە لـەو جەنگەڵـە خـۆ رسـکە خواییـە نەبێـت.

کەچـی دەبینیـم کەسـانێك لەوپـەڕی وڵاتانـی پـڕ شارسـتانیەتدا دەژیـن و ناتوانـن خۆیـان بژێنـن، پاڵیـان لـێ داوەتـەوەو وەك رەجـەب دەیانەوێـت هەنجیرەکـە بکەوێتـە دەمیـان، جـا چ هەنجیرێکیـش؟ دەیانەوێـت ئەوەنـدە گـەورە بێـت دارەکـەش هەڵـی نەگرێـت، بیـر لـەوە ناکەنـەوە ئەگـەر هەنجیرێکـی لـەو شـێوەیە بکەوێتـە خـوارەوە لـە پێشـدا دەمووددانـی خـۆی دەهەرێـت. چەنـد بەزەیـم بـەو کەسـانەدا دێتـەوە کـە قومـار دەکـەن، جـا لەگـەڵ کێشـدا، لەگـەڵ جیهـازدا، بـە هەمـوو ئەقڵێکیـان وا دەزانـن دەیبەنـەوە، وا دەزانـن ئەوانـەی ئـەو جیهازەیـان دروسـتکردووە لەمـان گەمـژە تـرن.

وڵاتـە زلهێـزەکان بـە هەمـوو توانایەکیانـەوە دەچـن بـۆ ئەفریقـاو وڵاتانـی دوور، شـاخ دەتوێننـەوەو دەیبێـژن بـۆ وردە وردە ئاڵتونێـك کـە دەسـتیان دەکەوێـت، کاکیشـم بـە هـەزار قـەرزو قۆڵـەو پـاڵ دەگاتـە ئەوروپـاو

دەیەوێـت شـاخی ئاڵتونـی بـۆ دەربچێـت.
وەهمـی بندیـواری و دەسـتکەوتی زۆرو بـێ هیلاکـی چـاك سـەری ئـەو عالەمـەی لـە قورنـاوە.
نازانـم ئـەو خەڵکـە بـۆ هـەر هەڵپـە دەکات، خـۆ تەنها ماوەیـەك زۆریـش بخوێـت هەمـووی دەبێتـە نەخۆشـین و دەلکێـت بـە گیانتـەوە، دواتـر دەبینـی بـە پـارەش زۆرجـار لـێ نابێتـەوە، یـان کـە لێشـی دەکەیتـەوە دەبیـت بـە کەسێکی صەناعـەو گاڵتـەت پـێ دەکـەن و دەڵێـن تەجمیلـی کـردووە، چەنـد گرنگـە هـەر بـە سروشـتی گـەورە بیـت نـەك بـە دەرمـان و تەکنەلۆژیـا، خـۆ خۆشـمان ئـەوە دەزانیـن، ئەوە نی یە شـتە سروشـتیەکان نرخیـان زیاتـرە، لـە خواردنـدا بـەدوای باشـتریندا دەگەڕێیـن و ١٠٠ نەوعـی هەنگویـن دەناسـین کـە ئەسـڵ نـی یـە، کەچـی خۆمـان ناناسـین کـە بـە ئەسـڵی نەماویـن.
هەرگیـز بـۆ دونیـا سروشـتی خـۆت مەگـۆڕە، ئـەو کەمـەی کـە دەسـتت دەکەوێـت ئاقڵانـە بیخۆیـت بەشـت دەکات، ئـەو زۆرەی دەسـتت دەکەوێـت زۆرجـار ئەقڵیشـت لـە دەسـت دەدات، خـۆ قورئـان ئەمەشـی بـۆ باسکردووین بـەڵام لەوانەیـە لەبـەر ئـەوەی وەك دەڵێـن عەرەبیـە لێـی تێنەگەشـتبین.
(كَلَّا إِنَّ الْإِنْسَانَ لَيَطْغَى* أَنْ رَآهُ اسْتَغْنَى) سوره العلق ٦-٧
نەخێر مرۆڤ یاخی دەبێت، کاتێك دەبینێ کە دەوڵەمەند بووە.
مەسـولەکانی خۆمـان سـەردەمانێك نـەك خاکـی بـوون، بەڵکـو تێکەڵـی خاکەکـەش بـوون و هەتـا قاتـی خاکیشـیان لەبـەر دەکـرد، بـەڵام چـوون بـە سروشـتی دەوڵەمەنـد نەبـوون، ئێسـتە لـە هەمـوو شـتێك دەچـن لـە مـرۆڤ نەبێـت.
تـۆش سەربەسـتیت چ جـۆرە بونەوەرێکـی خوایـی هەڵدەبژێریـت، بـۆ

خـوای گـەورە فـەرق نـاکات چـوون خـوای گـەورە هـەم مـرۆڤ هەمیـش ئەنواعـی حەیواناتـی هەیـە، بـەڵام بـۆ تـۆ زۆر فـەرق دەکات لـەوەی مرۆڤێـك بیـت نـەك دڕندەیـەك.

===

کابرایـەك هیـچ حـەرام و حەڵاڵـی نەدەزانـی و بـە هەمـوو شـێوەیەك هەڵپـەی پـارەی دەکـرد! وتـم بـۆ وا دەکەیـت و ژیانیشـت لـە خـۆت تێکـداوە؟ وتـی لەبـەرماڵەوەمـان لـە کوردسـتان.

وتـم دەگێڕنـەوە ئافرەتێـك هەبـووە بـەد رەوشـت بـووە، ئـەو پـارەش کـە دەسـتی کەوتـووە داویەتـی بـە هـەژارو لێقەومـاو، پرسـیاری لـە مامۆسـتایەکی ئاینـی کـردووە کـە ئایـە ئـەم کارە ئـەم دەیـکات چۆنـە؟ مامۆسـتاکەش لـە وڵامـدا وتبـووی جـا بەخـوا دایکـی دایکەکـەم تـۆ هـەر ئەزیەتەکـەت بـۆ دەمێنێتـەوە.

===

لـە بـواری مامەڵـەو کڕیـن و فرۆشـتندا زۆرجـار کـە نـرخ لەسـەر شـتومەکێکت دادەنێیـت و زۆر گـران بێـت خەڵکـی دەڵـێ کاکـە تـۆ قەسـتت ئەوەیـە نەیفرۆشـیت.

ئـەوە گـەر بـۆ شـتومەکێکی خۆشەویسـتی دونیایـی بێـت، ئـەی دەبێـت ئینسـان بـۆ خـودی خـۆی چـۆن بێـت و چ نرخێـك بـۆ خـۆی دابنێـت؟! بـا ئەوەنـدە گـران بـن هیـچ کـەس نەتوانێـت بتـان کڕێـت، ئینسـان بـە هەرچەنـد خـۆی بفرۆشـێت هـەر دۆڕاوە، چەنـد خۆشـە نرخەکـەت ئەوەنـدە زۆربێـت کـەس توانـای هەتـا مامەڵەشـی نەبێـت لەگەڵتـدا، ئەوسـا تـۆ هـەم دەوڵەمەندتریـن کەسـیت و هەمیـش بـە بەنرخـی دەمێنیتـەوە. بـەڵام زۆرێـك ئەمـڕۆ خـۆی هـەڕاج کـردووە، ئەوەنـدە خـۆی بـە هـەرزان دەفرۆشـێت پیـاو دەکەوێتـە گومانـەوە کـە دیـارە ئەمـە کەڵکـی هیچـی

نـی یـە گەرنـا بـۆ ئەوەنـدە هەرزانـە، لـە دونیـای ئەمـڕۆدا مامەڵـە کـردن بـە مرۆڤەکانـەوە خراپتریـن جـۆری سـەوداو کڕیـن و فرۆشـتنە، جۆرێکـی یاسـای بـۆ دانـراوەو لایەنـی ئەمنـی بـە جـدی کار بـۆ ڕێگەگرتـن دەکـەن لـەو مامەڵانـە، بـەڵام زۆرینـەی زۆری مامەڵـەکان لـە بـازاڕی ئازاددایـەو نـەك بـە تـاك و کـۆ، بەڵکـو بـە کۆمـەڵ مرۆڤـەکان بـە زینـدووی جینۆسـاید دەکرێـن، عەجـەب خۆشـیان بـە خەنـدەوە سـێلفی لەگـەڵ سـەیدەکانیاندا دەگـرن و شـانازی بـە بـەردە بوونیانـەوە دەکـەن.

===

نـاودارو کەسـە زۆر دیارەکانـی جیهـان لـە یـەك کاتـدا دوو ئیـش دەکـەن، ئیشـێکیان وەك بەدەسـتهێنانی داهـات و ئیشێکیشـیان وەك خێرخـوازی.
لای ئێمـە هەیـە دوو ئیـش و بگـرە زیاتریـش دەکات و هیچـی نیـە بـۆ کۆمەڵگە،هەشـە دوو کاری خێـری یـان بگـر ە زیاتریشـی هەیـە بـۆ کۆمەڵگە کەچـی هیچـی نیـە بـۆ خـۆی و مـاڵ و منداڵـی.
هەوڵبـدە بـە پارسـەنگی هـەردەم سـەرچاوەی بژێـوی و هەمیـش کاری خێریـت هەبێـت.
مـەرج نیـە کەسـێکی نـاوداری جیهانـی بیـت بـەڵام پیشـەکانت هەمـان پیشـەی گەورەکانـە.

===

خێزانی کورد لە نێوان کوردستان و هەندەراندا
گەرچـی خێزانـی کـورد لـە کوردسـتان یـان هەنـدەران لـە ڕواڵەتـی هەڵگری بیروبـاوەڕ و فکـرو ئایدۆلـۆژی جیـاوازدا بـە جیاوازیـش ببینرێـت، بـەڵام زۆرینـەی خواسـتەکانمان بـە تایبـەت خواسـتی خێزانـی هەمـووی هاوبەشـە،هەتا لەگـەڵ زۆر لـە ئەوروپیەکانیشـدا، ببینـن کەسـێکی دینـدارو پارێـزکار لەگـەڵ کەسـێکی ئاسـایی یـان کەسـێکی دژ بە بیروبـاوەڕ گەرچـی

بەیەکیشـدا هەڵشـاخن و لەبەرنامەکانـی تەبـاو ناتەبـاش بەرانبـەری یـەك بگـرن، بـەڵام ناتوانـن هیچکامیـان قبوڵـی ئـەوە بکـەن لـە دەرەوەی ئـەو بازنــە شــەرعی یــە یــان کۆمەڵایەتیــەی کــە چەســپیوە پێچەوانەبــن، ئەڵبـەت ئەمـە مێژووەکەشـی زۆر لـە تەمەنـی ئیسـلام درێژتـرەو تـا ئێسـتەش لـە ڕۆژئـاواو لـە خێزانـە تەندروسـتەکاندا پارێـزگاری لـێ دەکرێـت، مەگـەر ئـەوەی ئیتـر لـە دەسـتچووەو چـاری نەمـاوە، لەگـەڵ خێزانێکـی ئەوروپیـدا دابنیشـەو بـە هێمنـی ئاڵوگـۆڕی ژیانـی خێزانـی لەگەڵدا بکە، دەبینـی وەك ئێمـە خەمـی خێـزان و منداڵەکانـی هەیـە، هەتـا زۆری گونـدی بـەلاوە باشـترە، چـوون کۆنترۆڵکـردن تێیـدا ئاسـانترە.

===

کەسـێکی مسـوڵمان لەسـەر بنەمـای حـەڵاڵ و حـەرام چوارچێوەیەکـی هەیـە بـۆ کارکـردن لەسـەری لـە چوارچێـوەی خێزانیـدا، کەسـێکی دیـن جیـاواز، یـان نادینـی، یـان خـاوەن بیـرو ئایدۆلۆژیایەکـی جیـاواز بـە جۆرێکـی تـرو ناوێکـی تـر هەمـان حـەڵاڵ و حـەرام بەنـاوی تـرەوە لـە نێـو خۆیانـدا هەیانـە، گەرچـی لـە کێبەرکێکـەدا بـۆ زاڵبونـی خـود بەسـەر بەرانبـەردا جیاوازیـش بڵێـن، بینومانـە بـۆ نمونـە لـە بەرنامەکانـدا هەتـا بـە ڕاستەوخۆ دژی حەرامێکـی بـۆ نمونـە شـەریعەتی ئیسـلام بـووە، کـە هەمـان پرسـیارکراوە لـە خـودی کەسـەکە کـە ئایـە تـۆ ئـەو شـتەت بـۆ خانـەوادەی خـۆت قبوڵـە، وەڵامەکـەی ئەوەنـدە قـورس بـووە چەندیـن پاسـاوی بـۆ وەڵامـە نەخێرەکـەی هێناوەتـەوە، تەنها بـۆ ئـەوەی دەربـازی بێـت لـە قبـوڵ نەبـوون، بـە دیوێکـی تـردا تەنهـا قاڵـە قاڵەکـە دروسـت بـووە، گەرنـا هەمـووی وەك یـەك دەڵـێ، لەبیرمـە قوتابی بـووم هاوڕێیەکـی خۆشەویسـتم هەبـوو دەیگـوت: ئـەو کەسـانە کـە شـەڕ دەکـەن سـوچی هیـچ لایەکیـان نـی یـە! منیـش دەمگـوت چـۆن؟ دەیگـوت تێناگـەن

لەیەکتــر، خاڵــە هاوبــەش و هاوتەریبــەکان یەکجــار زۆرن لــە نێــوان خانەوادەکانــدا بــەڵام تەنهــا خاڵــە ناکۆکیــەکان لەبــەر چەندیــن مەرامــی جۆربەجــۆر زیاتــر دەردەخرێــت.

===

لەبیرمــە یەکێــك لــە حیزبــە ئیســلامیەکان رازی نەدەبــوون ئەندامەکانیــان ســەفەری هەنــدەران بکــەن، ئەڵبــەت رازی نەبوونەکــەش خەمــی دیــن و ئەخــلاق بــوو، هەرچەنــد حیــزب نابێــت زۆر دابەزێــت بــۆ ئــەو ئاســتەی کــە بچێتــە نــاو ژیانــی تایبەتیــەوە، بــەڵام دوای ئــەوەی ســەفەرەکە لــە دەســت دەرچــوو وە رێژەیەکــی بەرچــاوی کــورد لــە ئەوروپــا نیشــتەجێ بــوون، ئێســتە بــە پێچەوانــەوە هەمــان حیــزب رازی نیــن ئەندامەکانیــان بگەڕێنــەوە کوردســتان.

===

ئێمــەی کــورد چــوون بــەردەوام لــە قەیرانــدا ژیاویــن دەرفەتــی ئەوەمــان نەبــووە بــە شــێوەیەکی چڕ کار لەســەر کایــە کۆمەڵایەتیــەکان بکەیــن، کــە بــاس لــە قەیرانیــش دەکرێــت زیاتــر بیرمــان لای داراییــە، ناحەقیشــمان نیــە، چــوون ئێمــە بــە گۆڕانکاریــە یــەك لــە دوای یەکە سیاســیەکان بــەردەوا برســی کراویــن، هەربۆیــە کــە بەینــاو بەینێکیش کــە لایەنــی داراییمان باش دەبێــت، یــان هــەر لەســەر هەمــان بیرۆکــە بڵێــم لــە قەیــران دەربــاز دەبیــن دەکەوینــە نــاو چەندیــن قەیرانــی تــرەوە، چــوون کایــە کۆمەڵایەتیــەکان بــە شــێوەیەکی دروســت مامەڵــەی لەگــەڵ نەکــراوە، مــادە نەیتوانیــوە ببێتــە هۆکارێــك کــە خیزانــەکان بــە تەندروســت بژیــن، لــە قەیرانێــك رزگار دەبیــن چەندیــن قەیرانــی تــری بــەدوادا هاتــووە، دەبینــی ئێســتە بــە شێوەیەکی گشــتی هەمــووی ئــاوات بــۆ رابــردوو دەخوازێت، خانــوی قوڕو سۆبای دار بــڵاو دەکرێتــەوە، هەمــووی هەڵــدەدا پێیــداو ئاواتــی گەڕانــەوە

بۆ ئەو ساتانە دەخوازن، لە کاتێکدا دۆخە داراییەکە لەگەڵ ئەوکاتەدا جیاوازی یەکجار زۆرە، ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت جانبە ئەخلاقیەکە لەنێوامانـدا لاواز بووە، ئەڵبەت کە دەوترێت ئەخلاق بەمانا زۆر گشتی و فراوانیەکەی نەك تەنها لایەنی سێکسی، چوون ئێمە کە دەوترێت ئەخلاق لەناو ئەخلاقدا تەنها لایەنە سێکسیەکەمان لێی وەرگرتووە، هەروەك چۆن لەسەر قەیران تەنها داراییەکەیمان وەرگرتووە، بەڵام ئەخلاق دونیایەکی زۆر فراوانەو سێکس بەشێکە تێیدا نەك هەمووی.

===

ژیان لەنێو سستمێکی جێگیری سیاسیدا زۆر شت فێری مرۆڤەکان دەکات و ئۆتۆماتیکی خەڵکی پێوەی پابەند دەبێت و قبوڵی دەکات، جا ئیتر هەر سستمێك بێت، خەڵکیش رادێت لەسەری هەرچەند لەناخیشەوە باوەڕی پێی نەبێت، یان ئاسانیش نەبێت بەلایەوە، ئێمە چوون لە مێژە ئەو سستمە جێگیرەمان نەبووە، لە قاڵبدانی گشت کارەکان زیاتر خودکاریە، نمونەیەکی زۆر سادە لەسەر ئەمە بهێنمەوە کە زۆرجار باسی لێوە دەکرێت، خانەوادەیەکی کورد کە دەچێتە شوێنێکی گەشتیاری بەلایەوە زۆر ئاساییە پاشماوەکەی نەك فڕێدەدات بەڵکو زۆر بە شپرزەیش جێی دەهێڵێت، بەڵام هەمان خانەوادە لە ئەوروپا ئەوە ناکات، چوون لە سستمی وڵاتەکەدا بووەتە ئەخلاقێکی گشتی و قبوڵکراوە، لەوە گەڕێ غەرامەی هەیە بەڵام خۆ مانای وا نی یە کە فڕێیدەیت ئیتر پۆلیسێك بە سەر سەرتەوەیەو غەرامەت بکات، چوون لە بوارە کرداریەکەدا زۆر سەختە ئەوە، مۆڕەی هاوڵاتیەك بۆ کردارێکی نا ئەخلاقی زۆر لە غەرامەکە سەخت ترە، نمونەیەکی تر لە سرەی نانەواوە بیگرە تا دەگاتە سرەی دائیرەکان لە کوردستاندا ئەخلاق زۆر کەم رەچاو دەکرێت، کە دەڵێم ئەخلاق مەبەستم

سرەبڕیە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی قبوڵی دەکات بەهەر بیانویەك بێت، بەڵام لە لە ئەوروپا زۆر دەگمەنە هەتا لە سرەی دوکانێکیشدا کە شتت کڕیوە بتوانیت ئەوە بکەیت، چوون کەسەکە لێت قبوڵ ناکات، هیچیش شەرم ناکات و ئەوە ئەو کەسەیە کە سرەکەی بڕیوە دەبێت شەرمەزاری بکێشێت نەك ئەوەی کە داوای مافەکەی خۆی دەکات، کەچی لە کوردستاندا پێچەوانەیە، خۆی دەکات بە بەیندا ئەگەر قسە بکەیت تۆ دەبێت شەرمەزار ببیت زیاترا!

===

وڵاتانی دونیا بۆ هاوڵاتیانی خۆیان چەندین مەرکەزو موئەسەسەی جیاوازیان هەیە لە هەندەراندا جگە لە سەفارەتەکانیشیان، بەڵام ئێمەی کورد وەك چۆن خێرخواز زیاتر چاوی لە هەژارەکانە، دەبێت لەم بوارەشدا زیاتر خێرخواز بە تەنگ خانەوادەکانەوە بن، تەنها مەرکەزێکیش کە دەوری زۆر جدی ببینێت مزگەوت و موئەسەسە دینیەکانن، ئەڵبەت ئەوەش لاوازەو ناتوانێت خواستی خانەوادە پڕ بکاتەوە، تەنها بەشێکی بۆ دابین دەکرێت و زیاتریش ئەوانە لێی سودمەند دەبن کە روو لە مزگەوتن، بۆیە خانەوادەیەك کە پابەند نی یە بە دینەوە زیاتر موعانات دەچێژێت و خۆی بە تەنها دەبینێتەوە.

===

لە کاری وەرگێڕاندا بۆ کوردێك کە دووچاری نەخۆشی دەرونی بوو بوو بەهۆی مادە بێهۆشکەرەکانەوە، لیژنەیەکی گەورەیان پێکهێنا کە چەندین دکتۆری تایبەت بە نەخۆشی دەرونی و مێشك و لایەنە فیزیکیە جیاوازیەکانی تێدا بوو، لەگەڵ چەندین بەشی پاراستنی کۆمەڵایەتی و تا کارمەندی جیاوازی جێگەکە، دوای مشتومڕی زۆر لەسەر کەیسی ئەم کەسە وتیان ئێمە ناتوانین کێشەی ئەم کەسە

چارەسـەر بکەیـن، دەبێـت کەسـێکی بـۆ پەیـدا بکەیـن کـە ئیمـام بێـت و وەك دیـن قسـەی بـۆ بـکات، وڵاتانـی تـر چـوون خـاوەن موئەسەسـەن و بـە بەرنامـەن بـۆ خەڵکـی خۆیـان، ئـەم لایەنانەیـان فەرامـۆش نەکـردووە، لـە بەریتانیـا خولـی تایبـەت هەیـە بـۆ ئـەو ئیمامانـەو دواتـر دەتوانـن بچنـە شـێتخانەو زینـدان و زۆر جێگـەی تایبـەت بـۆ کارکـردن لەسـەر ئـەو کەیسـانە، کەچـی ئێمـەی کـورد ئەوەمـان نەبـوو، لـە کاتێکـدا مـەلاو کەسـی شـارەزا لـە دینیشـمان زۆرە لـە چـاو وڵاتانـی تـری ئەوروپیـدا، بۆیە کێشـەکان زۆرجـار زیاتـر ئیداریـن وەك لـەوەی مـادی بـن.

===

وەك چـۆن گـەر بـە وردی دابەزیـن بـۆ نـاو وردەکاریـە خێزانیـەکان لـە کوردسـتاندا سـتانداڕێکی گشـتی بـۆ ماوەمـان هەیـە، لـە هەندەرانیشـدا زیاتـر بـە هەمـان شـێوەیە، زۆرجـار مـن ئـەوەم گوتـووە ئێمـەی کـورد تەنهـا لۆکەیشـنەکەمان گۆڕیـوە، لەبـری ئـەوەی لـە سـلێمانی و هەولێـر هەڵەبجـە بیـن لـە سـویدو نەرویـج و بەریتانیـان، ئەقڵیەتـەکان زۆر بـە دەگمـەن جیـاوازی هەیـە، بـۆ دروسـتکردنی جیـاوازی لـە بـوارە جیـا جیـا ئەخلاقـی و زانسـتیەکاندا پێویسـتمان بـە زۆر دامـەزراوەی کۆمەڵایەتـی و زانسـتی و ڕێکخـراوە هەیـە، کاتێکیـش کـە گۆڕانمـان بەسـەردا دێـت لادانـی نشـوزی و ئەخلاقیـە! ئەڵبـەت زۆر بەداخـەوە.

===

گەشـتمان کـردووە بـە ئەوروپـادا لـەم وڵاتـەوە بـۆ ئـەو وڵات و بـە دەیان و سـەدان خانەوادەمـان دیـوە، کـە دادەنیشـیت لەماڵیانـداو دەیـان دوێنیت، هەمـووی وەك کوردسـتان لـە خەمـی ئەوەدایـە منداڵەکـە توشـی لادانـی سێکسـی نەبێـت، حـەز دەکات کوڕەکـەی ببێـت بـە دکتـۆر، فاسـۆلیاو برنـج و گۆشـتت بـۆ لـێ دەنـێ، ئەگـەر کـوردی زۆر لـێ بێـت جێگەکـە لەگـەڵ

زۆرینەیدا قسە ناکات، بیری زیاتر لای مادەیە، وەك چۆن جیاوازیەکان لە کوردستاندا زۆر کەمن لە خانەوادەیەکەوە بۆ خانەوادەیەکی تر، لە هەندەرانیش هەروا کەمە، لە هەندەران دەرفەتەکە زیاترە دەکرێت رێژەکە بە شێوەیەکی یەکجار بەرچاو زیاد بوایە بەڵام لە زەمینەی واقعیدا وا نی یە، ئەویش هەم دیسان دەیگێڕمەوە بۆ نەبوونی سستمی سیاسی جێگیر کە هاندەرمان نی یە بۆ دروستبوونی جیاوازیەکان، کەسێك هەڵدەکەوێت بە بۆردێکی ئەڵمانی، دکتۆراوە کە بە هەوڵی خۆی و بەبێ یارمەتی بەدەستی هێناوە هیچ پێشوازی لێ ناکرێت و بەڵکو بە رۆحێکی پڕ خۆشەویستی و کورد دۆستیەوە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، دەبینی دوای ماوەیەك بە کۆڵێك خەم و تورەییەکی زۆرەوە دیسان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا، ئەمانە وای کردووە چۆن خانەوادەکان لە کوردستاندا بە گشتی لە ئاستێکی سادەی ژیاندا بن، لە هەندەرانیش بە هەمان شێوە ئەو سادەییە تێنەپەڕێنن.

===

ئەم خوێندنەوە تەنها سکانێکی خێرایە، دەیان لایەنی خێزانی هەیە کە وەك چۆن پێویستی بە موئەسەساتە بەرەوپێشی ببات بە هەمان شێوە پێویستی بە توێژینەوە هەیە بۆ زیاتر وردەکار نەك نوسینێکی سادەو خێرا رۆشتن بەسەر ناونیشانەکاندا.

===

سەرەنجام دەگەین بەوەی ئێمە وەك چۆن سستمە سیاسیە یەك لە دوای یەکەکان ستەمیان لێکردووین خۆشمان هەر ستەمکارین لەسەر خۆمان و ناتوانین لە هەندەرانیشدا خۆمان لەو کۆتبەندیەی کە کراوە بە بەرماندا دەربهێنین، ئەوەندەی موناقەشەی سیاسی لە نێوخانەوادەکانی کوردستاندا هەیە لە ئەوروپاش هەر هەیە، لە

هەندەرانـەو دەیـان دەرفەتـی ئیـش و خوێنـدن و جیـاواز لـە بەردەمیـدا هەیـە خـۆی ئارەزوومەندانـە کۆتـی حیزبایەتـی و ئـەوەی هەتـا پێـی دەوترێت کۆیلایەتـی لەبـەری خـۆی دەکات، کـە بـە هێمینیـش و خۆییانـە دەیدوێنێـت باوەڕیشـی پێـی نـی یـە، میللەتێکـی ئێجـکار سـەیرین.

===

لـە میانـەی وتارێکـی گشـتیمدا وتـم بەڕێـزان، ئێمـە هاتووینەتـە ئـەم وڵاتە کەسمان بـە فیـزەو شـەرەفمەندانە نەهاتوویـن، بـە قاچـاخ و قوڕبەسـەری و قەرزوقۆڵـە گەشـتووین و کەسـوکارمان مەڕیـان بـۆ کردوویـن بـە خێـر تـا لـە بەحـری ئیجـە نەخنکێیـن، گەشـتووین بـە هەنـدەران و وەك کـورد دەڵـێ: بـە نانـی خۆمـان و منەتـی کەسـی تێـدا نـی یـە، دەتوانیـن بـۆ خۆمـان لێـرە بژیـن بـۆ دەبنـەوە بـە کۆیلـەو لێـرەش هـەروەك کوردسـتان دەژیـن، هـەر هەمـان کات چەندیـن کـەس هەسـتان و پەلاماریانـدام، ئەگـەر نەیـان گرتایـەن دەری کـورد دەڵـێ هـەزار شـەقیان تێهەڵـدەدام تـا پۆلیـس دەهـات.

===

دەتوانیـن بڵێیـن وەك سـیما گشـتیەکە جیاوازیـەکان لـە ئاسـتێکی زۆر نزمـی تەنهـا تاکدایـە نەك گشـتی، وەك چـۆن لـە کوردسـتاندا پەرتەوازەیی هەیـە لـە هەندەرانیـش بـە هەمـان شـێوە، پێـش ١٠-١٥سـاڵی رابـردوو بـۆ پاراسـتنی ئەخلاقەکـەش لـە چوارچێـوەی خێزانـدا خەڵکـی زیاتـر چـاوی لـە کوردسـتان بـوو، ئێسـتە دۆخێکـی وا لـە کوردسـتاندا دروسـت بـووە ئـەو پارێزگاریـە لـە سـایەی دەسـتەڵات و کەناڵەکانیانـەوە ئەوروپا باشـترە تـا کوردسـتان، منداڵ دەبینـی جگـەرە دەکێشـێ و مەشـروب دەخواتەوەو لـە نێرگەلەخانەکانـدا لایقـی کردووەتـەوە، لـە کاتێکـدا لـە تەمەنێکدایـە کـە دەبێـت بخوێنێـت و فێربێـت! بـەڵام هەمـان تەمەنـی منداڵ هەرگیـز

نـە پاکەتێکـی پـێ دەفرۆشـرێت و نـە بـۆی هەیـە مەشـروب بکڕێـت نـە بەبـێ بـاج دەتوانێـت بچێتـە ئـەو شـوێنە گشـتیانە لـە هەنـدەران.
چ رۆژگارێکە لە هەرکوێ بین هەر غەریبین
===

جۆرەکانی رەزیلی!
چـوون مادیانـە پەروەردەکراویـن یـان بـە دیوێکـی تـردا زیاتـر لـە قەیرانی دارایـدا ژیاویـن هەڵسەنگاندنەکانیشـمان بـۆ ژیـان و دەوروبـەر زیاتـر مادیـە وەك لـەوەی مرۆڤانـە بێـت.
کەسـێك دەوڵەمەنـد بێـت و نەبەخشـێت هـەردەم لۆمـە دەکرێـت لـەوەی رەزیلـە، کەسـێك هەیبێـت و بـە چاکـی نەیخـوات و سـەرفی نـەکات هـەردەم لۆمـە دەکرێـت، لـە کاتێکدا مەرجیـش نـی یـە ئێمـە راسـت بیـن، لەوانەیـە کابـرا بـە نهێنـی ببەخشـێت، لەوانەیـە کابـرا نەخۆشـینێکی هەبێـت یـان حـەزی جیاوازبێـت، یـان ئـەوە کـەی کاری ئێمەیـە ئەسـڵەن سـەرقاڵی تایبەتیەکانـی یەکتربیـن.
خاوەنـی زۆر زانسـت و ئەزموونـی جوانیـن کەچـی رەزیلـی تێـدا دەکەیـن و نایبەخشین.
لـە کاتێکـدا ئێمـە خۆشـمان زۆر دەوڵەمەندیـن و نابەخشـین، تـۆ سـەیر بکە خـوای گـەورە دەم و لیـوو ٣٢ ددانـی پـێ بەخشـیویت، دەتوانیـت رۆژانـە بـە جوڵانـی لێـوەکان و دەرخسـتنی ددانـت زۆر لـە بەهـای مـادە زیاتـری پـێ ببەخشـی، کەچـی ئێمـە خۆمـان مـۆن دەکەیـن و لـە جێگەیەکـدا کـە پێویسـتە بیکەینـەوە دایدەخەیـن و لـە جێگەیەکـدا پێویسـتە دایخەیـن دەیکەینـەوە، بگـرە نـەك دان قورگیشـمان لەگەڵـی دەردەکەوێـت، ئـای چەنـد رەزیلیـە ئـەم پێـدراوە خواییـە کـە بـەم شـێوە بـەکاری دەهێنیـن.
گشـت ئەندامەکانـی ترمـان دەتوانیـن زۆر شـتی جوانـی پـێ ببەخشـین

کەچـی رەزیلـی تێـدا دەکەیـن، دەتوانیـن پەنجەکانمـان بخەینـە سـەر کیبـۆردو شاشـەی موبایلـەکان و جوانتریـن وشـەی پـێ ببەخشـین، کەچـی رەزیلـی تێـدا دەکەیـن و لەبـری بەهـای پڕجـوان و مرۆیـی رق و قیـت و پۆخڵەواتـی وای پـێ دەکەیـن کـە بیخەیتـە سـەر هـەر عەرەبانەیـەك تایەکانـی دەتەقێنێـت و هیـچ خـاوەن عەمبارێـك رازی نابێـت لـە عەمبارەکانیـدا عەمبـاری بکەیـن، چەنـد رەزیلیـن کـە دەمانتوانـی پێچەوانەکـەی بکەیـن.

هەیـە خـاوەن بـازو عەزەڵاتێکـی گەورەیـەو دەتوانێـت رێگـری لـە ستەم پـێ بـکات و بازووەکـەی زۆرتریـن بەخشـندەیی پـێ بـکات، کەچـی سـەیردەکەیت هێزەکـەی هەمـووی بـە ئاسـنێك دەبەخشـێت کە بێگیانـەو هیـچ منەتیشـی پێـی نـی یـە، نـەك هـەر ئـەوە دەبێـت ئاسـنەکە بـە پارەیەکـی زۆریـش بکڕێـت، یـان هەیـە خراپتـر هێزەکـەی بـۆ سـتەم و بەرگری لـە ئـازادی دەبەخشـێت! چەنـد پـڕ بەهاتـر دەبـوو گـەر ئـەو هێـزە لـە جێگـەی تـردا بـەکار بهێنایـە.

هـەر ئەندامێـك لـەو ئەندامانـەی کـە هەمانـە گـەر رەزیلـی تێـدا نەکەیـن دەتوانیـن مرۆڤایەتـی پـێ جوانتـر بکەیـن، کـە رەزیلـی لـە بەکارهێنانـی ئـەو ئەندامانـە دەکەیـن رژدیەکـەی چەنـد پێچەوانەیـە، دڵ لەبـری خۆشەویسـتی بیکەیـت بـە جێگـەی حقـدو قیـن و حەسـەدو ئەوانـە، چ ئەنجامێکـی دەبێـت، دەسـتمان بشـکێ لەبـری ئـەوەی چاکـەی پێ بنوسـین و هەمـان پیتەکانـە دەتوانیـن جوانتـر بینەخشـێنین کەچـی سـەرەنجامی رەزیلـی شـتگەلێك دەنوسـین گـەر کیبـۆرد یـان شاشـەکە لێمـان تێدەگـەی هەرگیـز رازی نەدەبـوو ئـەو وشـە گەلـەی پـێ بنوسـین، نابینـی زۆرجـار ئامێرەکانیـش بوونەتـە قوربانـی ئـەو رەزیلیـە، دەیـدات بـە زەویـدا کـە نامەیەکـی نـا شایسـتەی بـۆ هاتـووە، بۆکسـی لـێ دەدات پەیامێکـی

ناشرینی بینیـوە، کـە پێـی دەبەخشـرێت منداڵەکانیـش دەمیـان دەلکێنـن بـە شاشـەکەوەو زۆر کەسـی لـە ڕێگـەوە مـاچ دەکـەن، ئـای ئێمـە چەنـد ڕەزیلیـن نـە دەسـتمان هیچـی تیایـە نـە دڵمـان.
غەریبی زیاتر جۆرەکانی ڕەزیلیمان پێ دەناسێنێت
===
زۆر کۆمەڵگەیەکـی گوناحیـن لـە هەموولایەکـەوە تێکشـکێرنراوین، لەبـری ئـەوەی برینەکانـی یەکتـر تیمارکەیـن، ئێمـەش دێیـن و دیسـان سـتەم لەیـەك دەکەیـن و برینـەکان قوڵتـر دەکەینـەوە، هەیـە هەڵدەسـتێك بـە کارێکـی خێـر، لـە ژێـر نـاوی خێرەکـەدا گـەر کەسـێك خێـری پـێ نـەکات ئـەم شـەڕی پـێ دەکات، هـا سـەیرکە ئـەم کەسـە خێرخـوازە بـوو بـە کەسـێکی شـەڕانی، لـە کاتێکـدا کایـە کۆمەڵایەتیـەکان پێویسـتی بـە زۆر جـۆری کارکـردن هەیـە، هەوڵـی کـەس کـەم نـی یـە بـۆ چـارەی تیمـارەکان، دکتۆرێـك بـەو پـەڕی پسـپۆڕیەوە نەخـۆش لـە ژێردەسـتیدا بـە هەڵـە گیان لـە دەسـت دەدات و لەنـاو دەچێـت، کەچـی لەسـەرە ڕێگەیەکـدا کەسـێکی ئاسـایی نەخۆشـێك دەگەیەنەتێتـە نەخۆشـخانەو ڕزگاری دەکات، هیچکام لـە مرۆڤـەکان بەهـای ئەوەنـدە کـەم نـی یـە کـە کارەکانـی جێگـە نەگرێـت. دڵـی مرۆڤـەکان چەنـد گرنگـە لـەم نێوەنـدەدا پارێـزگاری لـێ بکرێـت، کابرا لـە ئەوروپایـە حەقێکـی زۆری پێـدراوە کـە لـە وڵاتـی خۆیـدا هەرگیـز دەسـتی نەدەکـەوت، لـەولاوە دەیدوێنـی دڵـی دونیایـەك غـەم و تـوڕەیـی تیایـە.
ئیسـلام چەنـد بـە جوانـی تەرکیـزی خسـتووەتە سـەر دڵ، ئێمـەش کـە هێمـای دڵ دروسـت دەکەیـت دەبێـت ئیـلا تیرێکـی پیـا چەقێنیـن، خۆشەویستیەکەشـمان بـە تیـرەوە، ئـەی هـاوار خودایـە چ بوونەوەرێکیـن و کـەی لـە حەقیقەتـی خۆمـان تێدەگەیـن!.

===

ئیسـلام وەك ئەنتـی ڤایـرۆس وایـە، دەتوانیـت بەبـێ ئیسـلام بژیـت و ژیـان بـەڕێ بکەیـت، بـەڵام کاتێـك قورئانـت ئینسـتۆڵ کـردە نـاو دڵـت و سـکانێکی تـەواوی خـۆت پـێ کـرد ئەوسـا لـە جێگـەی وادا لـە جەسـتەتدا هەڵـە دەدۆزیتـەوە هەرگیـز بەبیرتـا نەهاتـووە ئـەو جێگـە هیـچ کێشـەیەکی هەبـوو بێـت، ئیسـلام پەیامکـی پـڕاو پـڕ مرۆڤانەیـە ئـەوە ئێمـەن مرۆڤایەتیمـان کامـڵ نـی یـەو هەرکەسـەو شـەڕی دەرونـی خـۆی بـە بەرانبـەر دەفرۆشـێت، لـە ئەنجامـدا هـەم خۆمـان و هەمیـش پەیامەکـە لەکـەدار دەکەیـن.

ئیسـلام چەنـد جـوان پەروەردەمـان دەکات، پێمـان دەڵـێ بـاش گۆبـە یـان بـێ دەنـگ بـە!

من كان (يؤمن بالله واليوم الآخر، فليقل خيرًا أو ليصمت) متفق عليه

===

بیرنەکردنـەوەو هەڵەشـەیی کـورد، پێـش چەنـد سـاڵێك لـە گـەڵ چەنـد کوردێکـدا دانیشـتین و کەوتینـە قسـەکردن لـە بەریتانیـا، دانەیەکیـان هـات بەسـەرو گوێلاکـی بەریتانیـادا، وتـی هـەر وڵات نـی یـەو نەمزانـی وایـەو زۆر خراپـە، بـە کورتیەکـەی پـەڕی بـە بەریتانیـاوە نەهێشـت و بەپێـی پێناسـەکەی ئـەو بەریتانیـا بـوو بـە بیابانێکـی وشـك و بـزرگ و بـێ ئـاو و بـێ کەڵـك و مەترسیدار، وتـم ئاخـۆ ئـەم کابـرا چەنـد مەعاناتـی بەسـەرهاتبێت وا بـەم شـێوەیە رەشـبین بـووە، وتـم کاکـە بـرا گیـان تـۆ چەندێکـە لـە بەریتانیایـی و چیـت بەسـەرهاتووە، وتـی والله ئـەوە چەنـد رۆژێکـە گەشـتووم! وتـم دەی قوربـان گیـان تـۆ هەولێـری دەرێ کوێـرا ئـەم هەمـوو تەحلیلـەت کـرد خـۆ هێشـتا هیچـت نەدیـوە!

ئـەوەی تەنها جانبـی مـادی ئەوروپـا دەبینێـت و بـە هەڵپەوە بۆ ئـەو لایەنە

دەچێت کەمی نەبێت زۆرینەی سەری لە بەدبەختیەوە دەردەچێت.
خوای گەورە مرۆڤی دروست کردووە، رۆژ بە رۆژ گەشە دەکات، دوای دوو ساڵ کە یەکەم وشە دەڵێ بابە یان دایە، لە خۆشیدا دایەو بابەکەی وەختە پەڕ دەرکەن، تا دانەکانی دەردێت چەندیش شەونخونی دەچێژن، بەو شێوەیە وردە وردە گەورە دەبێت و کوردیش جوانی وتووە لە پڕێك نابیتە کوڕێك.
زۆر دەبینین بە رووکەش لە پڕ دەبێت بە کوڕێك، بەڵام هەم دیسان لە پڕێك نەك کوڕیەتی بەڵکو مرۆڤ بوونیشی لە دەست دەدات، لە ناکاوێکدا فڵان کەس ٣٠٠ دەفتەر قەرزدار بووا! ئاخر قوڕ وەبانی سەرم تۆ ئەگەر دینیش پەیڕەو ناکەیت دونیا پەیڕەو بکە، کوردەواری مەگەر نەیگوتووە بە گوێرەی بەڕەی خۆت پێت راکێشە.

===

زۆر کەس دونیای وەهمی بۆ خۆی دروست کردووەو دەیەوێت ژیان وەك یانسیبێك بەجارێك ملیۆنێکی بۆ دەربچێت، ئاخر کاکە راستە کەسی وا هەیە ملیۆنێکی بۆ دەرچووە، بەلام لەولاوە ملیۆنێ کەس بەد بەخت بووە، هەنگاوەکانت بە حەڵاڵی هەڵگرە، چاوت لە بەرەکەتی خوای گەورەبێت نەك زۆری ژمارە.

===

پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت لە مەککەدا ئەوەندە متمانەی خەڵکی هەبوو هەتا وەك بانکی ئەمڕۆ سەروەتەکەیان دەبردوو دەیانخستە لای بۆ ئەوەی پارێزراو بێت، ئەویش ئەوەندە جێگەی متمانە بوو هەتا کە کۆچیشی کرد بۆ مەدینە، رێگە چارەی دانا بۆ گەڕانەوەی پارەکان بۆ خاوەنەکانیان، لەگەڵ ئەوەدا ئەوان پلانی تیرۆری پێغەمبەریان دانابوو، پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت

تەماحی لە سەروەتەکەی ئەواندا نەبوو، بەها رۆحیەکان هەرگیز بە پارە بەراورد ناکرێت، پارە ئالەی دونیاییەو دەبێت لە پێناو رۆحدا سەرفی بکەیت، نەك رۆحت بکەت بە قوربانی مادە، قورئان چەند جوان فێرمان دەکات و دەفەرمویت : (وَأَنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ ۛ وَأَحْسِنُوا ۛ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ) البقرة ١٩٥ لە پێناوی خوای گەورەدا ببەخشە، وە بە دەستی خۆت خۆت مەخەرە مەترسیەوە، بێگومان خوای گەورە چاکەکارانی خۆش دەوێت.

===

مەوعیدێك دابنێ، با کاتەکەی زۆر گونجاو بێت، جێگەکەش شایستە بێت، هەوڵ بدە تەواو هێمن بێت، زۆر زۆر بەچاکی خۆتی بۆ ئامادە بکە، کاتەکەیت لەبیر نەچێ و پابەندی بیت، بڕیار بدە ئەو دانیشتە زۆر چارەنووس ساز بێت، تەلەفۆنەکەت بکوژێنەوە کەوەختەکەی هات، کەسێکی زۆر زۆر گرنگەو دەتوانێت ژیانت بە تەواوی بگۆڕێت، ئەو کەسەش خودی خۆتی، رێك خۆت! بۆیە گرنگی پێ بدە، رێزی بگرە، بیفرۆشە بەخوا، چوون تاکە کەسە کە کەس ناتوانێت مزایدەی بەسەردا بکات و زیاتر لە نرخی ئەوت پێ بدات، نرخەکەشی بینینی خۆی و بەهەشتە! تێگەشتی تۆ چەند بە قیمەتی؟ مافی بینینی خوای گەورەت پێ دەدرێت نەك سەرۆکێکی دونیایی، مافی خاوەندارێتی بەهەشتت پێ دەدرێت نەك مانەوەیەکی کاتی لە باڵەخانەی سەرۆکایەتی!

===

من ناڵێم پارەی سەفەرەکانتان بدەن بە هەژار چوون سەفەر پێویستیەکی ژیانە، ناڵێم پارەی حەج و عومرە بدەن بە هەژار چوون پێوستیەکی دین ە، پارەی جگەرەو مەشروبەکان بدەن بە هەژارەکان،

هەم خۆتـان رزگارتـان دەبێـت لـە دەردی نەخۆشـی و هەمیش هـەژارەکان رزگاریـان دەبێـت لـە دەردی هـەژاری

===

چ مامەڵەیەکـی خۆشـە، خـۆی پێـی بەخشـیویت بـە بـەلاش کەچـی زۆر بـە گـران لێـت دەکڕێتـەوە...

قورئان چەند مژدەی خۆشی تیایە...

ئـەو هەسـتانە بەهیـچ پێناسـە ناکرێـت کـە دەگەیـت بـەو ئایەتانـەو لـە رۆحەکـەی تێدەگەیـت...

ئێمـە لەگـەڵ یەکتـر مامەڵەمـان دروسـت نیـە چ جـای بـگات بـە ئێـوە خودایـە، نەفسـێك بـە تـاوان پیسـکرابێت کـەی هـی فرۆشـتە!

سا بۆخۆت قبوڵمان کە خودایە...

===

هەمووومـان چیرۆکـی ئـەو ٣ کەسـەمان بیسـتووە کـە لـە ئەشـکەوتەکەدا گیـر دەخـۆن و دەسـتیان لـە خەڵك دەبڕێـت، ئەوسـا دەسـتیان بـۆ ئاسمان بـەرز دەکەنـەوە، هەریەکـەو چاکەیەکـی خـۆی بـۆ خـوای گـەورە دەڵـێ، خـوای گـەورەش دەرویـان لـێ دەکاتـەوە.

ئەمڕۆ ئێمـە چاکـەی وامـان نـی یـە لای خـوای گـەورە باسـی بکەیـن، بۆیـە وا گیرمـان خـواردووە.

لەپەڕەیەکـی تـازە لەگـەڵ خـوای گـەورەدا هـەڵ بـدەرەوە، مەهێڵـە منداڵ و مـەزم شـتی خراپـی تێـدا بنوسـێت و بەرگەکـەی بدڕێنـن.

===

بـەردەوام تەسـفیە حسـابی خـۆت لەگـەڵ خـوای گـەورەدا بکـە، چـوون مـردن لـە سـاتێکدا دێـت تـۆ چاوەڕوانیـت نەکـردووە، دواتـر هێشـتا زوو بـوو ناخـوات.

## کۆتایی؛

ژیـان پڕیەتـی لـە وانـە، ڕۆژێـك بـەرزو ڕۆژێـك نـزم، ڕۆژێـك هـەژاری و ڕۆژێـك دەوڵەمەنـدی، ڕۆژێـك دەسـتەڵات و ڕۆژێـك بـێ دەسـتەڵات، ڕێـك لـە فلیمـەکان دەچێـت و ئێمـەش ئەکتـەرەکان، کـە سـەیری فلیمـەکان دەکەیـن، ڕقمـان لـەو ئەکتەرانـە دەبێتـەوە کـە دەوری خـراپ دەبینـن، لـە کاتێکـدا سـوریش دەزانیـن فلیمـە، کەچـی خۆمان لـە فلیمە ڕاسـتیەکەداین و دەوری خـراپ بەخۆمـان دەدەیـن، گرنـگ نـی یـە چ دەورێـك دەبینین لەم فلیمـەدا، هـەژاری یـان دەوڵەمەنـد، دەسـتەڵاتداری یـان بـێ دەسـتەڵات، گرنـگ نـی یـە بینـەر چ بڕیارێـکـت لەسـەر دەدات، گرنـگ ئەوەیـە ئـەو چوارچێوەیـە نەبەزێنیـت کـە خـوای گـەورە بـۆی داناویـت، چـوون دواتـر ئـەو بڕیـار لەسـەر سـەرکەوتوویت دەدات، بەڵـێ تەنهـا ئـەو، تەنهـا و تەنهـا ئـەو، ئـەو دەڵێـم ئـەو الله .

مرۆڤ کاتێك دەکەوێتەوە جێگەیەکی دوور، عادەتەن وڵاتێکی جیاواز لە وڵاتەکەی خۆی پێی دەڵێن غەریب، یان خۆی خۆی بە غەریب دەزانێت و هەست بە تەنهایی دەکات، هەست دەکات خەڵکی ئیندماجی لەگەڵدا ناکەن، گەرچی زمانیش بزانێت و پەیوەندیشی زۆر بێت لەناخی خۆیدا هەستێکی تەنهایی تێدا هەیە، زۆرینەی کات و سات و چالاکیەکانی چێژ بەخش نی یە، زۆرجار ترسێکی تایبەتی قوڵ دەبێتەوە تێیدا بە نووسین ناتوانرێت تەعبیری لێ بکرێت، بەچەندین شێوە شێوەو شێوازو هەڵسوکەوتی ئەم کەسە غەریبە زۆر تایبەت دەبێت

# غەریبەکان



## پەیامی ئاوارەیی

د.عومەر عەلی

٢٠١٩

ISBN 978-168454167-6